**خوێنەری بەڕێز:**

لە پێناو خزمەتی زیاتر و دڵخۆشکردنی زیاتری خوێنەرانی گۆڤاری سی فۆر کورد هەر جارەی دیاریەکی بەنرخ لە گۆڤارەکەتانەوە پێشکەش دەکرێت بە ئێوەی خوێنەر.

گۆڤاری سی فۆر کورد جگە لەوەی بە 40 لاپەڕەی پڕ لە زانیاری تایبەت بۆ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و سیدیەکی پڕ لە بەرنامەی بەسود مانگانە دێتە خزمەتتان، پێخۆشحاڵە ئەم دیاریەشتان پێشکەش بکات.

ئەم فۆرمەی ئەو بەر پڕ بکەرەوەو لەو شوێنەی بۆت دەستنیشان کراوە بیبڕەو بینێررەوە بۆمان.

تکایە لە کاتی خۆی با بگاتەوە دەستمان تاکو بێ بەش نەبیت لە دیاریەکە.

ئێمەش تیرو پشکی بۆ دەکەین و دیارەکە بۆ یەکێک لە ئێوەی بەڕێز دەردەچێت. و لە ژمارەی داهاتوو ناوی ئەو بەڕێزە بڵاو دەکەینەوە.

**دیاری ئەمجارە**
**پرنتەرێکی HP یە کە:**
- **وێنەی رەنگاو رەنگ چاپ دەکات**
- **دەتوانیت سکانی وێنەی پێ بکەیت**
- **وەکو ئیستنساخی رەنگاو رەنگ بەکاری ببەی.**

لە بیرت نەچێت بە تەنها 2000 دینار گۆڤارێکی پڕ لە زانیاری و سیدیەکی پڕ لە بەرنامەو پرنتەرێکی HP یت دەست دەکەوێت.

## گۆڤارێک بکڕەو ئامێرێکی (پرنتەری رەنگاورەنگ و سکانەرو ئیستنساخ)ێک بە دیاری وەربگرە



تکایە ئەم زانیاریانە پڕ بکەرەوەو لەو شوێنەی دەستنیشان کراوە بیبڕەو بیگەڕێنەوە بۆ گۆڤاری سی فۆر کورد:

**ناو:** ..........................................

**ناونیشان:** ...................................

**ئیمەیڵ:** ........................................

**ژ.مۆبایل:** ......................................

**تێبینی:**

**١- پێویستە ئەم فۆرمە تا ٢٠ - ٣ - ٢٠١٠ بگاتەوە دەستمان.**

**٢- لە ژمارەی داهاتوو ناوی براوە ئاشکرا دەکەین.**

**٣- کەسی براوە لەکاتی وەرگرتنی دیاریەکە پێویستە ئەم ژمارەیەی سی فۆر کورد لەگەڵ خۆی بهێنێت.**

**٤- بۆ گەڕاندنەوەی ئەم فۆرمە:**

**- لە سلێمانی: نوسینگەی سەردەم - بەرامبەر سلێمانی پالاس**

**- لە هەولێر: نوسینگەی کاوان بەرامبەر دادگای هەولێر.**

**یاخود ئەو کەسەی لێت کڕیوە.**

**٥- بۆ هەر پرسیارێک پەیوەندی بکە بە ژمارە مۆبایلی**

07706449565

## سی فۆر کورد

### کورترین ڕێگا بۆ تەکنەلۆژیای زانیاریەکان





# ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەکانی
# سی فۆر کورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە بابەت بۆ (سی فۆر کورد) دەنووسن لەکاتی نووسینەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن تاکو بابەتەکانیان بڵاوبکرێتەوە:

1- تا بکرێت بابەتەکان بە (یونیکۆد) بنووسرێت.

2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەکی کەسی لەگەڵدابێت.

3- ئەگەر بکرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیڵەکە لەگەڵ بابەتەکە.

4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی کەم بکرێتەوە.

5- ڕەچاوی بنەماکانی ڕێزمان و خاڵبەندی بکرێت.

6- با بابەتەکان وێنەی روون کردنەوەی لەگەڵ دابێت هەروەها وێنەکان لە نێو فایلە وۆردەکەدا دانرابێت و و بە جیاش لە فۆڵدەرێك بێت.

7- تا بکرێت بابەتەکان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.

8- بابەتەکان لە شوێنی تر بڵاونەکرابنەوە یاخود لە سایتی کوردی نەهێنرابێت.

9- بەرامبەر هەر بابەتێك بەخشێکی ڕەمزی لە لایەن گۆڤاری سی فۆر کوردەوە وەردەگریت.

10- دەتوانن بابەتەکانتان لە بارەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و بەرنامەو مۆبایل و هەموو بوارەکانی تری تەکنەلۆژیای زانیاری بێت.

11- ئەو بابەتانەی باسی بەرنامە دەکات با لینکی بەرنامەکەی لەگەڵدا بێت یان ناوی تەواوی بەرنامە تاکو لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار دابنرێت.

12- بابەتەکان تا بەرواری 15 مانگ بگات بەدەستمان.

13- بابەتەکان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە رەوانە بکەن:

np@c4kurd.com

ژماره 38

# سی فۆر کورد

www c4kurd.com

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٣٨) ساڵی سێیەم شوبات ٢٠١٠

C4kurd
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
No. (38) 3rd Year February 2010

www.c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:

**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنووسەر:

**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنووسەر:

**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07706449565
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:

**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:

**محەممەد ئەبوبەکر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەممەد مێرگەیی**

دیزاین:
گرووپی سی فۆر کورد

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان لە رێگەی ئیمەیڵی:
np@c4kurd.com

نرخی ( ٢٠٠٠ ) دینارە

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە

پێکهاتەی CD دیاریی لەگەڵ گۆڤار

## ناوەڕۆکی سیدی ئەمجارە لەم فۆڵدەرانە پێکهاتوە:

- فۆڵدەری (iPad) ڤیدیۆیەکی تێدایە باس لە تایبەتمەندیەکانی iPad دەکات.
-فۆڵدەری (chicken) یاری مریشکەکانی تێدایە.
- فۆڵدەری (C4Kurd KB) کیبۆردی سی فۆر کورد بۆ نوسینی کوردی تێدایە.
-فۆڵدەری (FastStone) بەرنامەیەکە بۆ بچوککردنەوەی قەبارەی وێنە.
- فۆڵدەری (Microsoft) ڤیدیۆیەکە لە لاپەرە 21 باسکراوە.
- فۆڵدەری (FolderSize) بەرنامەیەکە بۆ پیشاندانی قەبارەی فۆڵدەر لە لاپەرە 24 باسکراوە.
- فۆڵدەری (Recuvar) بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەرە 36 باسکراوە.
- فۆڵدەری (Format) پێکهاتوە لە هەموو ئەو بەرنامانەی کە دوای فۆرمات پێویستت پێی دەبێت وەکو:
+بەرنامەی Zip و RAR
+فۆنتە کوردیەکان
+بەرنامەی ئەدۆب ئەکرۆبات
+تازەترین ڤێرژنی ماسنجەری هۆتمەیڵ
+بەرنامەیەك بۆ لێدانی هەموو ڤیدیۆیەك
+تازەترین ڤێرژنی کاسپەرسکای

جگە لەمانە ئەمانەی خوارەوەشی تێدایە:
20 نەغمەی نوێی مۆبایل
چەندین یاری بەهێزو خۆش
100 وێنە بۆ باکگراوند
15 سکرین سەیڤەر بۆ کۆمپیوتەر
بەرنامەیەك بۆ لابردنی ڤایرۆسی ئۆتۆرەن

**ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:**
هەولێر ـ شەقامی سوڵتان موزەفەر ـ بازاڕی موزەفەریە ـ نهۆمی سێهەم

**ژمارەی حیسابی بانك:** هەولێر ـ بانکی سۆران (5047)

# لەم ژمارەیــــەدا





5 (Google buzz) گوگڵ دەباتە جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە

6 هەموو ئامێرەکانت لە تەنها شاشەیەکدا، iPad و شۆڕشێکی تر

7 تازەترین ڤێرژنی یاری مریشکەکان

8 بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جەنگی ئەلیکترۆنی بەدوورە؟

10 پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك

12 بیل گەیتس هەنگاو بەرەو پیشەی تەمەن

14 چۆنیەتی دانانی زمانی کوردی لە ویندۆز حەوت

15 چارەسەری کێشەی وێنە لە مایکرۆسۆفت وۆرد

16 فێربوونی ئەلکترۆنی E-learning

18 مێژووی نامەی ئەلیکترۆنی

19 بەچەند هەنگاوێك قەبارەی وێنەکەت بچوك بکەرەوە

20 هەواڵەکان

22 زنجیرەی فێربونی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ ٢٠٠٧

24 بەرنامەیەك بۆ پیشاندانی قەبارەی فۆڵدەر

25 سایتی بەهێزی Cnet بۆ داونلۆدی بەرنامە

26 ئەو بەرنامانەی پێویستن بۆ کۆمپیوتەرەکەت

27 ژێرنووسکردنی فیلمەکان بۆ زمانی کوردی بەبێ بەرنامە

28 چۆنیەتی گواستنەوەی ئینتەرنێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە هۆی راوتەری مایکرۆتیك

31 بۆ ئەوانەی کە منالیان زوو زوو ون دەبێت !!

31 دوو رێگا بۆ سرینەوەی ووشەکانی گەڕان لە ئینتەرنێتی ئیکسپلۆرەردا

32 چۆنیەتی دانانی (راپرسی) لە سایتەکانی (بلۆگەر)دا


34 چۆن فەیڤرتی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر دەخەیتە ناو فایەرفۆکس وەبە پێچەوانەوەش

36 بە پرۆگرامێکی قەبارە بچوك بەخێرایی هەموو فایلە دلیتکراوەکانت بهێنەرەوە

37 Windows 7 و XP لەسەر یەك کۆمپیوتەردا؟

38 چەند زانیاریەك دەربارەی دروستکردنی Shortcut



## 16 فێربوونی ئەلکترۆنی E-learning




## 27 ژێرنووسکردنی فیلمەکان بۆ زمانی کوردی بەبێ بەرنامە



## 37 Windows 7 و XP لەسەر یەک کۆمپیوتەردا؟




# گوگڵ دەباتە (Google buzz) جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە

ئەندازیار دانا سەباح


کۆمپانیای گوگڵ پێشەنگی گەڕان لە ئینتەرنێت، دەچێتە جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە ڕێگەی خزمەتگوزاریەکی تازەی بەناوی (گووگڵ باز Google buzz)ەوە، ئەم خزمەتگوزارییە بەشداربووانی جیمەیل (Gmail) دەتوانن بەشێوەیەکی زۆر ئاسان بەکاری بهێنن، ئەم هەنگاوەی گووگڵیش بەمەبەستی کێبڕکێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی فەیسبووک و تویتەر و مای سپەیس دێت.


ئەم خزمەتگوزاریە نوێیەی گووگڵ ڕێگە بۆ بەشداربووانی خۆشدەکات کە بتوانن بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی نامەو لینکی ئینتەرنێت و وێنەکانیان بکەن هەر لەناو جیمەیلەوە.

بەشداربووانی جیمەیل دەتوانن بەشداربن لەم خزمەتگوزارییەی گووگڵ لە ڕێگەی کردنەوەی ئەم لینکەوە (http://www.google.com/buzz) وەك لە وێنەکەدا دیارە:




یاخود دەتوانرێت هەر لەناو ئیمەیڵی جیمەیلەوە بچێتە ناو ئەم خزمەتگوزاریە لە ڕێگەی ئایکۆنێکی بچووک بەناوی (Buzz) لە ژێر ئایکۆنی (Inbox) وەکو لەم وێنانەی خوارەوە دیارە:




جێی ئاماژە پێکردنە گووگڵ لە ساڵی 2004 تۆڕێکی بەناوی (ئۆرکوت Orkut)ی کۆمەڵایەتی دامەزراند بەڵام نەیتوانی زۆر سەرکەوتوو بێت وەك فەیسبووك و مای سپەیس لە سەرتاسەری جیهان جگە لەچەند وڵاتێکی ئەمریکای لاتینی نەبێت.

هەروەها گووگڵ چەند خزمەتگوزاری و بەرهەمێکی تری بەرهەمهێناوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ بەکارهێنەرانی مۆبایلە زیرەکەکان کە پشت بە سیستەمی بەگەڕخستنی (ئەندرۆید Android) ی تایبەت بە گووگڵ دەبەستن.

شایانی باسە جیمەیل بە پلەی سێیەم دێت لەسەر ئاستی جیهان دوای یاهوو هۆتمەیل بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی پۆستی ئەلیکترۆنی و ژمارەی بەشداربووانی دەگاتە نزیکەی (176.5) ملیۆن.

لەلایان خۆیانەوە هەریەك لە مایکرۆسۆفت و یاهوو لە گرنگی ئەم خزمەتگوزاریەیان کەم کردەوەی بەوەی کە ئەوان پێش دوو ساڵ لەم جۆرە خزمەتگوزارییەیان پێشکەش بە بەشداربووانیان کردووە گووگڵ شتێکی تازەی نەهێناوە.






# هەموو ئامێرەکانت لە تەنها شاشەیەکدا، iPad و شۆرشێکی تر

هێمن فـــاتـــح

له کۆتایی مانگی یەکی هەموو ساڵێك کۆمپانیای بەناوبانگی ئەپڵ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارێك کە سەرنجی سەرتاپای هەوادارانی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان رادەکێشێت.

لەم ساڵدا کۆمپانیای ناوبراو هەستا بە دروستکردنی ئامێرێکی جوان و ناسك و بەسودو ناوی نا iPad کە درێژە پێدەری iPod و iPhone ە کە پانتاییەکی زۆری لە جیهاندا داگیر کردوە.



iPad لە تەنها یەك شاشەی 9.7 ئینجی پێکهاتوە بە قەبارە جیاواز لە هاردا کەوتۆتە بازارەوە، قەبارەی 16 گێگا و 32 گێگا و 64 گێگابایت. لە هەمووی گرنگترو سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە ئەستوریەکەی تەنها 1.27 سانتیمەترە و کێشەکەی تەنها 680 گرامە. پاتریەکەی بۆ ماوەی 10 کاتژمێر کار دەکات.

سیستمی کارکردنی هەمان سیستمی کارکردنی ئای فۆنەو بۆیە هەموو بەرنامەکانی تایبەت بە ئایفۆن بۆ ئەویش دەگونجێت. جگەلەوەی بلوتوس و وایەرلێسی هەیە و بە ئاسانی دەتوانیت ئینتەرنێتی کار پێ بکەیت.

**تایبەتمەندیەکانی iPad:**

**یەکەم:** دەتوانیت وەکو لاپتۆپێکی ئاسایی کارەکانی خۆتی لە نوسین و کارکردن لەسەر ئینتەرنێت و بەرنامەکانی وێنەو ڤیدیۆ و دەنگی بە




ئەنجام بگەیەنیت.

**دووەم:** وەکو کتێبخانەیەکی تەواو خۆی نیشان دەدات. کەدەتوانیت هەزاران کتێبی تێدا دابنێیت و بە شێوەیەکی ئاسان بیان خوێنیتەوە. بێگومان کۆمپانیای ئەپڵ شاشەکەی بە شێوەیەك دروست کردوە کە ئازاری چاو نادات و بە هەمان شێوەی خوێندنەوەی کتێبێکی ئاسایی پیشانی دەدات. جگە لەوەی راستەو خۆ دەتوانیت کتێب بۆ کتێبخانەکەی خۆت زیاد بکەیت لە ئینتەرنێتەوەو دوای ئەوەیش بە شێوەیەکی زۆر ئاسان لاپەڕەکان



هەڵدەیتەوە.

**سێیەم:** دەتوانیت وەکو ئەلبومی وێنەکانت بەکاری بهێنیت و بە شێوەیەکی زۆر نمونەیی و سەرنج راکێش وێنەکانت بۆ بەش بەش دەکات و بە پیشاندێکی زۆر جوان وێنەکان دانەدانە دەتوانیت



www.c4kurd.com

سەیر بکەیت.
**چوارەم:** دەتوانیت ئەم تەنها شاشەیە بکەیتە ڤیدیۆ سیدیەکەت و



بە شێوەیەکی زۆر بەهێز و بە بێ وەستان فیلم و فایلی ڤیدیۆیت بۆ لێ بدات. ئەوکات لە کۆڵ تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدی و کۆنترۆڵ و زۆر شتی تریش دەبیتەوە بەهۆی iPad ەوە سەیری فیلمەکانت بکە بە کوالتیەکی زۆر بەرز.
**پێنجەم:** لەو جێگەی پلەیستەیشن و ئەتاریەکەتە. یەکێك لە بوارە زۆر گرنگەکانی بریتیە لە یاری کردن و ئەم ئامێرە کێشەی کارتی شاشەی ئەم



یاریە ئیش ناکات و ئەم یاریە ئیش دەکات نیە. بەڵکو بە ئاستێکی زۆر بەرز دەتوانیت بەم تەنها شاشەیە خۆشترین و بەهێزترین یاری بکەیت. لە بیرت نەچێت ئەگەر یاریەکە پێشبرکێی ئۆتۆمبێل بێت ئەوا بە جوڵانی شاشەکە سوکانی ئۆتۆمبیلەکەشت دەجوڵێت و بە پەنجەدانان لەسەر شاشەکە ئیستۆپ دەگرێت.
**شەشەم:** دەتوانیت بە کیبۆردێکی



لەمسی قەبارە ئاسایی ئەوەی دەتەوێت زۆر بە ئاسانی بینوسیت و وەکو یاداشتنامەیەکیش بەکاری بهێنیت لەگەڵ ئەوەی نوسین لەسەری زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت. جگە لەوەی کۆمپانیای ناوبراو وای دروستکردوە کە دەتوانیت کیبۆردی تریشی لێ ببەستیت.
لە کۆتاییدا iPad شۆرشێکی تری بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکانەوە ئەو شێوە دروستکردن و خێرایی و بەکاربەرەی هەیەتی تا ئێستا بەو شێوەیە دروست نەکراوە ئەپڵ توانی بەم داهێنانە تازەیەی کارێکی تری ناوازە بخاتە بەر دەستی ئێمە.
ڕەنگە زانینی نرخی ئەم ئامێرەش گرنگیەکی تری هەبێت لای ئێمە. قەبارە 16 گێگایەکەی بە 500 دۆلاری ئەمریکیەو 32 گێگایەکەی بە 600 دۆلار و 64 گێگاییەکەی بە 700 دۆلارە. واتە لەچاو ئەو بەکارهێنانە زۆر و تەنکی و سوکیەی نرخەکەی گونجاوە.
بەڵام کاری سەرەکی ئەم ئامێرە بۆ خوێندنەوەی کتێبەو دەبێتە هەنگاوێکی تر بۆ کتێبی ئەلکترۆنی، چونکە ئێستا بازاڕی کتێبی ئەلکترۆنی لە بەرەو پێشچونێکی زۆردایەو زۆر سایتی تایبەتمان هەیە کە دەتوانیت بە نرخێکی هەرزانتر لە کتێبی ئاسایی و کتێبی ئەلکترۆنی بە دەست بهێنیت و بیکڕیت.
بەڵام ئەم ئامێرە شوێنی سیدیی نیە دەتوانیت بە کۆمپیوتەرەوە بە کێبڵێ یو ئێس بی یان بەستیت بە یەکەوە زیانیاریەکانتی تێدا سەیڤ بکەیت.

# تازەترین ڤێرژنی یاری مریشکەکان

یاری مریشکەکان بە یەکێك لە یاریە هەرە خۆشەکان دادەنرێت کە بە هەموو کۆمپیوتەرێك کار دەکات و تەنانەت ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت رامی٣٢میگا بێت بە بێ کێشە



کار دەکات. هەروەها قۆناغەکانی بە شێوەیەکی ئاسان وخۆش دەبردرێت. هەر قۆناغێك جۆرێکی تر لە مریشکت بۆ دێت و بە شێوەیەکی جیا لە قۆناغەکەی تر دەکەویتە مریشك کوشتن و رانەکانیان دەخۆیت.
جگە لەوەی یاری مریشکەکان بۆ هەموو تەمەنەکانەوە بە منداڵ و گەورەوە حەزی پێ دەکەن.
لەوەش گرنگتر ئەم یاریە پێویستی بە سێت ئەپ نیەو بە دەبڵ کلیك لەسەر فایلەکە یەکسەر دەکرێتەوەو دەتوانیت یاری خۆت بکەیت.

تێبینی: یاریەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( chicken ) هەیە.




# بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جەنگی ئەلیکترۆنی بەدوورە؟

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ جۆرەکانی تری جەنگدا وڵاتانی پیشکەوتو و خاوەن ئەزموونە تەکنەلۆژییەکان جۆرێکی نوێی جەنگ بەرامبەر نەیارەکانیان دەکەن، ئەم جەنگە لەجیاتی چەك و تانك و زریێ پۆش کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو جۆرەکانی تری جەنگدا ئازارو مەینەتی زۆر چەشتووە و هەموو جۆرە چەکێکی لەسەر تاقیکراوەتەوە، بەڵام لەمجۆرە نوێیەی جەنگدا کەمتر لەوڵاتانی تر قوربانی داوە.

جەنگی ئەلیکترۆنی یەکێکە لەجۆرە نوێیەکانی جەنگ بەڵام ئەمجۆرەیان بریتییە لە تێکشکاندنی سیستەمەی ئەلیکترۆنی و بانکی زانیاری لایەنی بەرامبەر کە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو خاوەن حکومەتێکی ئەلیکترۆنی لەڕوخاندنی باڵەخانەکانی حکومەت کاریگەرترە، چونکە داتاو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی حکومەت بەم سیستەمە دەبێت زۆرکات دەزگا هەواڵگرییەکان بەمەبەستی دزینی زانیاری نەیارەکانیان خاڵی تێکشکاندن و هاککردنی سیستەمەکانی حکومەت و دەزگاهەواڵگرییەکانی تر دەدەن لەبەرامبەریشدا لایەنەکەی دیکە هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و دزەنەکردنی زانیارییەکان دەدات بەمشێوەیە پێکدادانێکی ئەلیکترۆنی لەنێوان دوو لایەنی دژبەیەکدا ڕودەدات. جەنگە ئەلیکترۆنییەکانیش لەم ساڵانەی دواییدا تەشەنەی کرد و زۆربەی وڵاتە زلهێزەکانی وەك ئەمەریکا پێوەی دەناڵێنن.




وەك دەزانین لەچەند ساڵی ڕابردوودا کە ئەمەریکاو روسیا بارودۆخێکی دژواری دیبلۆماتیان تێپەڕاند چەندینجار هێرشی ئەلیکرۆنی لە روسیاوە بۆ سەر پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بانکەزانیارییەکانی ئەمەریکا ئەنجام دەدرا، بەپێی ڕۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمەریکی کە لەسەر زاری گەورە لێپرسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە بڵاوی کردۆتەوە لەدواهەمین سەردانی ئۆباما بۆ ڕوسیا لە چەند مانگی رابوردودا بەچڕی باس لە ڕێگەگرتنی ئەو جۆرە هێرشانە کردووە هەروەها بڕیاریان داوە هەوڵی نەهێشتنی بدرێت لەکاتیکدا بووبوو بەشەڕێك لەنیوان هەردوو دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا و ڕوسیادا. هەر لەچەندا مانگی ڕابوردوودا پێگە ئەلیکترۆنییەکانی حکومەتی کۆریای باشوری ئەمریکا دووچاری چەند هێرشێکی جۆراوجۆر بوون (حکومەتی ئەمەریکی ئەلیکترۆنی ئامانجمانە) ئەو دروشمەبوو کەهاکەرەکان دژی ئەمەریکا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك حکومەتی واشنتۆنیان پێ هەراسان کردبوو کە چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنی ئەمەریکا لەسەر ئاستی بەرز ئامانجی یەکەمی هاکەرەکان بوو، دەست پێکردنی هەڕەشەکان بۆ سەر هەردوو وڵات لەیەك کاتدا کۆریای باکوری پێ تاوانبارکرا چونکە وەك نەیاری هەردوو لا سەیر دەکرا، لەگەڵ ئەوەی هەردوو وڵات یەکێکن لە سەرچاوەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لەجیهانداو زۆربەی کۆمپانیا ئەلیکترۆنییەکانی کە لە جیهاندا کە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا کاردەکەن لە ئەمەریکاوە سەرچاوە دەگرن، ئەم هێرشە ئەلیکترۆنیانەش گەورە لیپرسراوانی ئەمەریکا بەتەواوەتی شپرزە کردوو ترسی دزینی زانیاری نهێنی حکومەتیش لە ئارادا بوو. لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کۆریای باشووردا ئەم جەنگە بەهەند وەرگیراو داوای ڕێگە چارەی خیرا بۆ مەسەلەکە کرا، هاوکات ئەفسەرێکی پایە بەرزی دەزگای هەواڵگری کۆریای باشور ڕاستەوخۆ کۆریای باکوری تاوانبار کردو ووتی ئەو زانیارییانەی دەست ئێمە کەوتوون هاککەرەکان لە کۆریای باکورەوە ئەمکارەیان

www.c4kurd.com

ئەنجامداوە، بەڵام بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ئاپۆلێی توکسی) ئەمەریکی بۆچوونێکی تری هەبوو دەربارەی هێرشەکانی ئەمەریکا ئەو وتی سەرچاوەی هیرشەکان لە کۆماری چینەوەیە بەڵام نازانیان ئایا هەوڵی حکومەتی پەکینە بۆ سستکردنی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا یاخود هەوڵێکی تاکە کەسییە، لەگەڵ ئەم تەنگەژە نوێیەدا ئۆباما فەرمانێکی بە پەلەی بۆ هەموو دەزگا حکومییەکان دەرکرد و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە دەبێت لەماوەیەکی کەمدا هەموو لایەنێکی ئاسایشی ئەلیکترۆنی ڕێکبخریتەوە بکرێتە پێشینەی کارەکانی هەموو دام و دەزگایەکی حکومی لەمبارەیەوە یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری تیرۆر و ئاسایشی ناوخۆیی بە میدیاکانی ڕاگەیاند، کە ئاسایشی نەتەوەیی تێکچوونی باری دارایی وڵاتەکەیان بە پاراستنی تۆڕی زانیاری حومەتەوە بەستراوە بۆیە دەبێت بەوردی چاودێری هەموو بارودۆخەکانی بکرێت، لەلایەکی دیکەوە (ICNND) لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ سنورداركردنی چەکی ئەتۆمی مەترسییەکی نوێی



وزەی ئەتۆم و تیرۆرستی ئەلیکترۆنی خستەڕو، کە ئەویش هاككردنی ئەو کۆمپیوتەرانەیە کە کۆنترۆڵی وزەی ئەتۆم و دەزگاکانی ئەتۆم دەکەن چونکە بەهۆی هاككردنییانەوە دەتوانرێت بەئاسانی هەموو جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ سەرچاوە ئەتۆمییەکاندا بکرێت و هەر لە وێستگەکانی خۆیاندا بتەقێنرێتەوە و کارەساتی مەترسیداری لێبکەوێتەوە، بڵاو کردنەوەی هەواڵێکی لەمجۆرە لە کاتێکدایە کە جەنگی ئەلیکترۆنی لە جیهاندا لە پەرەسەندایە و هاككردنی ئەو کۆمپیوتەرانەش لەڕێگەی ئینتەرنیتەوە کارێکی جیاوازتر نییە کۆمپیوتەری دیکە بەڵام نەبوونی کاریگەری جەنگی ئەلیکترۆنی لەسەر هەرێمی کوردستان بابەتێکی دوو لایەنەیە، لەلایەکەوە هەموو کەس خۆشحاڵە بەوەی لە جەنگی وەهادا بەدوربێت کە هیچی کەمترنییە لەجۆرەکانی تر، لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە هەمووومان هەڵوەستەی لەسەر بکەین چونکە نەبوونی کاریگەری ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە حکومەتەکەمان حکومەتێکی ئەلیکترۆنی نییە، هەروەها هاككردنی وێب سایتێکی حکومی بێجگە لە ڕوداوێکی ناخۆش هیچ ئاكامێکی بۆ داهاتوو نییە، چونکە وەك دەبینین وێب سایت و بانکەزانیارییەکانمان پڕنین لەزانیاری پێویست بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت هەنگاوی کارا لەم ڕووەوە بدرێت ڕەنگە هەندێکجار لە کوردستاندا هێرشی هاككردن بۆ سەر هەندێ وێب سایتی جیاواز بەتایبەت ڕاگەیاندنەکان ئەنجام درابێت، بەڵام ئەم هێرشانە بێجگە لەهیرشێکی تاکە کەسی هیچی تر ناگرێتەوە.

# یەکەم جۆرە هارد بە تایبەتمەندیی خود لەناوبردن




کۆمپانیای (Origin Storage)ی تایبەتمەند بە دروستکردنی یەکەی سەیڤکردن (هارد)، هاردێکی دەرەکی بەناوی (Amacom Data Loker) خستەبازاڕەوە کە بە یەکەم جۆر هاردی دەرەکی دادەنرێت لە جیهاندا کەوا توانای پاراستنی زانیارییەکانی ناوی هەبێت. هاردەکە شاشەیەکی لەمسی هەیە کە لەسەریدا ژمارە و کۆدەکانی کە دەگەنە 18 کۆد پیشاندەدرێت، هەروەها بەکارهێنەر دەتوانیت هاردەکە وەها لێبکات کە توانای لەناوبردنی خۆی هەبێت، واتە سڕینەوە و لەنابردنی سەرجەم زانیاری و داتاکانی ناوی، ئەمەش لەحاڵەتێکدا کە ئەگەر بۆ نۆ کەڕەت لەسەر یەك هەوڵبدرێت کۆدەکانی بشکێنرێت.

هاردەکە بەگوێرەی قەبارەی سەیڤکردنەکەی سێ جۆری هەیە: 160 و 320 و 500 گیگابایت. ئەم هاردە دەتوانێت لەڕێگەی USB بە کۆمپیوتەرەوە ببەسترێتەوە و پاڵپشتی لە هەردوو جۆرە سیستەمەکانی ویندۆز و ماکنتۆش دەکات و بەکارهێنانی زۆر ئاسانە.

www.c4kurd.com



# پلاندانان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی نێتۆرك

ئەندازیار حازم حەمەد جاف

- بەشی یازدەهەم -

لەم بەشەماندا هەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر کۆمەڵەکانی ناونیشانەکانی ئای پی (IP Classes) و بزانین چەند کۆمەڵەیان هەیەو هەر کۆمەڵەیەك بۆ چ مەبەستێك و لە چ کاتێك بەکاردەهێنرێت و ژمارەی ئای پییە بەکارهێنراوەکانی هەر کۆمەڵەیەك چەندە و ...هتد.

ئای پییەکان لە (IPv4) بۆ (5) کۆمەڵە دابەش دەکرێن، کە بریتین لە (A, B, C, D and E)، هەریەك لە کۆمەڵەکانی (A, B and C) تایبەتن بە ئای پییەکانی یونیکاست (Unicast) و کۆمەڵەی (D) بۆ ئای پییەکانی مەڵتی کاست (Multicast) و کۆمەڵەی (E) بۆ ئای پییەکانی تاقیکاری (Experimental)..

### کۆمەڵەی (A):

ئەم کۆمەڵەیە وا دیزاین کراوە کە بۆ نێتۆرکە زۆر گەورەکان بەکاربهێنرێت کە زیاتر لە (16) ملیۆن ناونیشانی ئای پی لە خۆ دەگرێت و ئەم ژمارە زۆرەی ئای پی دەتوانرێت بۆ کۆمپیوتەرو ئامێرەکان بەکاربهێنرێت.

ئەم کۆمەڵەیە بۆ IPv4 پێشگری /8 واتا Prefix/8 بەکاردەهێنرێت و یەکەم ئۆکتێتی لەلای دەستە چەپەوە کە پێی دەوترێت (First High-order octec) بۆ بۆ نێتۆرك دیاریکراوەو ئۆکتێتەکانی تری دووەم و سێیەم و چوارەم بۆ هۆست بەکاردەهێنرێت واتا (Network.Host.Host.Host)، هەر بۆیەشە دەتوانرێت بۆ ژمارەیەکی زۆر گەورەی هۆست بەکاربهێنرێت.

ئەم کۆمەڵەیە بوارەکەی بە (0.0.0.0) دەست پێ دەکات و بە (127.0.0.0) کۆتایی دێت بە پێشگری /8 بەم پێیە تەنها دەتوانرێت 128 نێتۆرك لەم کۆمەڵەیەدا دروست بکرێت بە نێتۆرکە تایبەتیەکانیشەوە کە لە بەشەکانی پێشووتر باسمان لێوە کردبوون کە کەوتوونەتە نێو ئەم کۆمەڵەیە.

وەکو لە وێنەکەدا دیارە ئۆکتێتی یەکەمی کاتێك بە شێوەی ژمارەی دوانەیی (Binary) دەنووسرێت بەم شێوەیە دەبێت (00000000) واتە (0) و (01111111) واتە (127) وەکو دیارە یەکەم دیجیتی پێویستە (0) بێت و نەگۆڕێت واتە لە هەر شوێنێك هەر نێتۆرکێکمان بینی ژمارە دوانەیەکەی بە (0) دەستی پێکرد ئەوا ئای پییە لە کۆمەڵەی (A)یە.

IP Address Classes

| Address Class | 1st octet range (decimal) | 1st octet bits (green bits do not change) | Network(N) and Host(H) parts of address | Default subnet mask (decimal and binary) | Number of possible networks and hosts per network |
|---|---|---|---|---|---|
| A | 1-127** | 00000000-01111111 | N.H.H.H | 255.0.0.0 | 128 nets (2^7) 16,777,214 hosts per net (2^24-2) |
| B | 128-191 | 10000000-10111111 | N.N.H.H | 255.255.0.0 | 16,384 nets (2^14) 65,534 hosts per net (2^16-2) |
| C | 192-223 | 11000000-11011111 | N.N.N.H | 255.255.255.0 | 2,097,150 nets (2^21) 254 hosts per net (2^8-2) |
| D | 224-239 | 11100000-11101111 | NA (multicast) | | |
| E | 240-255 | 11110000-11111111 | NA (experimental) | | |

www.c4kurd.com

هەروەها (Default Subnet mask)ی ئەم كۆمەڵەیە (255.0.0.0)ە.

### كۆمەڵەی (B):

كۆمەڵەی (B) بواری ئای پییەكانی بە (128.0.0.0) دەست پێدەكات و بە (191.255.0.0/16) كۆتایی دێت و زیاتر لە (65,000) هۆست لە خۆدەگرێت و سەب نێت ماسكی بە شێوەی (255.255.0.0) دەنووسرێت، كەواتە هەردوو ئۆكتێتی یەكەم و دووەم بۆ نێتۆركەو ئۆكتێتەكانی سێیەم و چوارەم بۆ (هۆست) (Netwok.Network. Host.Host). ئۆكتێتی یەكەمی كاتێك بە ژمارەی دوانەیی بنووسرێت ئاوا دەنووسرێت (10000000) واتا ژمارەی (128) و (10111111)یش دەكاتە ژمارە (191)، لێرەدا دەبینین كە دوو دیجیتی یەكەم بە (10) دەست پێدەكات، بەهەمان شێوەی كۆمەڵەی (A) هەكات ئای پییەكمان بینی دوو دیجیتی یەكەمی ئۆكتێتی یەكەم بە (10) دەست پێ بكات، كەواتە ئەم ئای پییە لە كۆمەڵەی (B)یە.

### كۆمەڵەی (C):

ئەم كۆمەڵەیە زۆربڵاوەو زۆرتر بەرچاو دەكەوێت، چونكە بۆ نێتۆركی بچووك لە كۆمپانیاو دام و دەزگا بچووكەكان بەكاردێت و تەنها (254) هۆست دەتوانێت بدات.

ئەم كۆمەڵەیە پێشگری (/24) بەكاردەهێنێت و تەنها ئۆكتێتی كۆتایی واتا چوارەم بەكاردێت تیایدا بۆ هۆست ئەوانی دی بۆ نێتۆركن بەم شێوەیە (Network.Network.Network.Host) و سەب نێت ماسكی (255.255.255.0)ە.

بواری ئای پییەكانی ئەم كۆمەڵەیە بە (192.0.0.0/16) دەست پێدەكات و بە (223.255.255.0/16) كۆتایی دێت، واتا ژمارەی نێتۆرەكەكانی ئەم كۆمەڵەیە زیاتر لە (2) ملیۆن نێتۆركەو بەڵام ژمارەی هۆستەكانی هەر نێتۆركێك تەنها (254) هۆستە.

كاتێك (192) بەشێوەی ژمارەی دوانەیی بنووسرێت ئەوا بەم شێوەیە (11000000) دەنووسرێت و ژمارە (223)ش بەم شێوەیە (11011111)، لێرەدا دەبینین كە ئای پییەكانی ئەم كۆمەڵەیە (3) دیجیتی یەكەمیان (110)یە.

### كۆمەڵەی (D):

بواری ئای پییەكانی ئەم كۆمەڵەیە بە (224.0.0.0) دەست پێ دەكات و بە (239.255.255.255) كۆتایی دێت. ئەم كۆمەڵەیە ئای پییەكانی تایبەتن بە ئای پی مەڵتی كاست (Multicast) كە بۆ كاری تایبەت بەكاردێت لە بواری نێتۆركدا بۆ نموونە هەندێك لە ئای پییە مەڵتی كاستەكان بۆ پرۆتۆكۆڵەكانی راوتینگ بەكاردەهێنرێن.

بەهەمان شێوەی كۆمەڵەكانی تر كاتێك بە شێوەی ژمارەی دوانەیی بنوسرێت (224) دەبێتە (11100000) و (239) دەبێتە (11101111)، لێرەدا چوار دیجیتی یەكەمی دەبێت (1110).

### كۆمەڵەی (E):


ئەم كۆمەڵەیە بۆ هۆست بەكارنایەت بەڵكو هەڵگیراون بۆ بواری تاقیكاری، بوارەكەی بە (240.0.0.0) دەست پێدەكات و بە (255.255.255.255) كۆتایی دێت.

كاتێك ئۆكتێتی یەكەمی بە شێوەی دوانەیی بنووسرێت (224) دەبێتە (11110000) و (225) دەبێتە (11111111)، ئەم كۆمەڵەیەش بەوە دەناسرێنەوە كە چوار دیجیتی یەكەمی بە (1111) دەست پێ دەكات.


پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت كە لەناو ئەو كۆمەڵانەدا چەند بوارێكی دیاری كراو هەن كە بۆ كاری تایبەت بەكاردەهێنرێن و ناتوانرێن بۆ هۆست بەكاربهێنرێن، هەروەها ئەم كۆمەڵانە هەردوو جۆری ئای پییە گشتیەكان (Public IPs) و ئای پییە تایبەتیەكان (Privat IPs) لە خۆ دەگرن، هەروەك لە بەشەكانی رابردووی ئەم زنجیرەماندا ئاماژەمان پێكردبوون.

### Classless:

زۆربەی جار رێژەی ئەو ئای پییانەی ئەو كۆمەڵانە دەیدەن مەرج نییە لەگەڵ پێویستی كۆمپانیاكان بگونجێت، چونكە ئەگەر بەم شێوەی ئەو كۆمەڵانە و كۆمەڵە (Class)ێكی تەواو (Classful) بدەین بە هەر كۆمپانیا یاخود رێكخراوێك ئەوا هەم ئای پی ئەو كۆمەڵانە بەش ناكات و هەم دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی ژمارەیەكی زۆری ئای پی، بۆ نموونە كۆمپانیایەك پێویستی بە (300) ئای پی بێت ئەوا پێویستە ئێمە یەك كلاسی (B) بە تەوای پێ بدەین كە دەكاتە (65,000) ئای پی چونكە یەك كلاسی (C) بەشی ناكات كە (254) ئای پییە، بۆیە شارەزایانی بواری نێتۆرك بیریان لەوە كردەوە كە پێویستە رێگایەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو ئای پییانە بەفیڕۆ بچن، بۆیە لە نەوەدەكانی سەدەی رابردوو هەستان بە دابەشكردنی ئای پییەكان و كۆمەڵەكان بۆ كۆمەڵەی بچووكتر كە ناویاننان (Subnet) و بەم جۆرە نێتۆركانە دەوترێت (Classless).لە بەشەكانی داهاتوو بە پشتیوانی خوا بە درێژی باس لە سەب نێتینگ (Subnetting) دەكەین.



# بیل گەیتس
## هەنگاو بەرەو پیشەی تەمەن



بەشی دووەم | ئا: محەممەد مێرگەیی | mergeyi@c4kurd.com

ساڵی 1970 کۆمپانیای CCC ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی دارایی بوویەوە و ئەمەش وای لێکرد لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا دەرگاکانی دابخات، ئیتر کۆمەڵەکە سەرلەنوێ دەستیانکرد بە گەڕان بەدوای یەکێك کە دەرفەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان پێبدات، ئەوەبوو باوکی پول ئالن دەرفەتی بەکارهێنانی هەندێك کۆمپیوتەری زانکۆی واشنتۆنی بۆ دابینکردن کە خۆی ئەو کات لەو زانکۆیەدا کاری دەکرد، بەڵام گروپەکە –کۆمەڵەکە هەر بەمە نەوەستان، چونکە ئەوان پێویستیان بەوە هەبوو کە لایەنێك دەرفەتی بەدیارخستنی تواناکانیان لەڕووی کۆمپیوتەرەوە پێبدات.

دوای ساڵێك گروپەکە لە کۆمپانیای Information Science Inc دامەزرێنران، بۆ دانانی پرۆگرامێکی حیسابی موچەی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە، ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانی پرۆگرامسازیی کۆبۆل COBOL، ئەمەبوو کە بۆ یەکەمجار قوتابییەکان توانیان قازانجێکی ماددی بەدەستبهێنن لەبەرامبەر بەهرەکەیاندا، سەرەڕای ئەمەش گروپەکە (مافی خاوەنیەتی)ی پرۆگرامەکانیان پێدرا و لەڕووی یاساییشەوە دانی پێدانرا.

پرۆژەی دوای ئەمەی بیڵ و پۆل ئالن دامەزراندنی کۆمپانیایەکی بچووکی تایبەت بە خۆیان بوو کە ناویان نا Traf-O-Data و هەستان بە دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی بچووک بۆ مەبەستی پێوانەکردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لە



شەقامەکاندا، لەو کۆمپیوتەرەدا معالجی ئینتەڵی 8080 یان بەکارهێنا. ئەم کۆمپانیا بچووکە لە ساڵی یەکەمیدا قازانجی بەڕێژەی 20 هەزار دۆلاری ئەمریکی بەدەستهێنا، بیڵ لەو کاتەدا لە قۆناغی دواناوەندی بوو، کۆمپانیاکە لە کارکردن بەردەوام بوو تاکو بێل چووە زانکۆ.

پاییزی 1973 بیڵ چووە زانکۆی هارفارد، هێشتا لەو کاتدا بڕیاری تەواوی نەدابوو لەسەر جۆری ئەو خوێندنەی کە ئارەزووی لێدەکات، سەرەتا وەکو تاقیکردنەوە چووە قوتابخانەی مافی تەمهیدی، بەڵام دڵی هەر پەیوەست بوو بە کۆمپیوتەرەوە، بیڵ شەوانی لەبەردەم کۆمپیوتەری تاقیگەکانی زانکۆکە بەسەردەبرد و ڕۆژیش لە پۆلەکانی خوێندندا دەخەوت! بەهەمان شێوە پۆل ئالنی هاوڕێشی چووە زانکۆی هارفارد، ئەوان بەبەردەوامی بە یەکتر دەگەیشتن و پێکەوەش بیریان دەکردەوە و خەونیان بە پرۆژەگەلی ئاییندەوە دەبینی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکان و سیستەمەکانی کارپێکردن.

لە یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1974 و لەو کاتەی پۆل ئالن دەچووە سەردانی بیڵ ی هاوڕێی، پۆل لەبەردەم مارکێتێکدا سەیری هەندێك گۆڤاری کرد، چاوی کەوتەسەر گۆڤاری Popular Electronics کە لەسەر بەرگەکەیدا وێنەیەکی کۆمپیوتەری Altair 8800 دانرابوو و لەژێر وێنەکەشدا نووسرابوو (یەکەم کۆمپیوتەری مایکرۆیی تایبەتمەند بە کاروباری بازرگانی)، پۆل گۆڤارەکەی کڕی و بەخێرایی ڕۆیشت بیڵ ببینێت، بەمە ئەوان زانیان کە ئەم کۆمپیوتەرە دەرفەتێکی گەورەی بۆ




www.c4kurd.com

ئەوان پێیە، کە خەونی پێوە دەبینن. دوای چەند ڕۆژێك بیڵ پەیوەندی بە کۆمپانیای میتس MITS کرد کە بەرهەمێنەری کۆمپیوتەری Altair 8800 بوو، بیڵ پێی گوتن کە خۆی و هاورێیەکی بەناوی پۆل ئالن (پرۆگرامێکی وەرگێڕان)یان بۆ کۆمپیوتەرەکە گەشە پێکردووە، پرۆگرامەکەش بە زمانی پرۆگرامسازیی بیسك نوسراوە Altair BASIC – inte-




preter . لەڕاستیدا ئەمە درۆیەکی گەورە بوو!! چونکە بیڵ و ئالن تاکە یەك ڕستەی پرۆگرامسازییان بۆ کۆمپیوترەکە دانەنابوو، وێنەی کۆمپیوتەرەکەیان تەنها لە گۆڤارەکەدا بینی بوو، تەنانەت معالجەکەشیان (8080 ئەنتڵ) نەبوو کە کۆمپیوترەکە کاری لەسەر دەکرد، بەڵام کۆمپانیاکە ڕازی بوو لەسەر چاوپێکەوتنیان و تاقیکردنەوەی سیستەمە نوێیەکە، ئەمەش وای لێکردن بەخێرایی بکەونە کارکردن بۆ نووسینی پرۆگرامەکە.

پرۆسەی نووسینی پرۆگرامەکە لەسەرشانی بیڵ گەیتس بوو، پۆل ئالن یش دەستیکرد بە کارکردن لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ کارکردن لەسەر لاسایی کردنەوەی کۆمپیوتەری Altair 8800 لەسەر کۆمپیوتەرەکانی PDP-10 کە لە زانکۆدا هەبوو بۆ تاقیکردنەوەی پرۆگرامەکە لەسەریدا، دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر کاری بەردەوام (لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی 1975)دا، بیڵ و پۆل هەستیانکرد کە ئیتر پرۆگرامەکەیان ئامادەیە، بۆ پیشاندانی پرۆگرامەکە پۆل بەرەو کۆمپانیای میتس کەوتەڕێ. لە کۆبوونەوەیەك کە لە کۆمپانیای میتس بە ئامادەبوونی سەرۆکی کۆمپانیاکە (ئید ڕۆبرت) ئەنجامدرا، پۆل پرۆگرامەکەی لەسەر Altair 8800 ئیش پێکرد و کاری ڕاستەقینەی ئیشپێکردنی پرۆگرامەکە بۆ یەکەمجار دەستی پێکرد.

جێی سەرسوڕمان بوو! پرۆگرامەکە زۆر بەباشی و بەبێ هیچ هەڵەیەك کاری خۆی کرد. پۆل دوای بینینی ئەم دەستکەوتە مەزنە پەیوەندی بە بیڵ کرد و مژدەی خۆشی پێدا. پاش ئەمە ڕاستەوخۆ کۆمپانیای میتس لەگەڵ هەر یەك لە بیڵ و و پۆل گرێبەستێکیان بەست لەسەر کڕینی (مافی خاوەنیەتی) پرۆگرامەکە و پۆل ئالن یش کرایە جێگری سەرۆکی بەشی پرۆگرامەکان لە کۆمپانیاکەدا.

لەبەرامبەر ئەمەشدا بیڵ زانکۆی هارفاردی جێهێشت بۆ کارکردن لەگەڵ پۆل لە گەشەپێکردنی پرۆگرامەکاندا، ئەوان دەرکیان بەوە کرد کە ئایندە لە بازاڕی پرۆگرامسازییدایە، بۆیە پێویستە لەسەریان لە پێشەوەی ئەم ڕێگەیە بن.

لەدایکبوونی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت Microsoft

لە ناوەڕاستی 1975 دا و لەدوای ئەو سەرکەوتنەی هەر یەك لە بیڵ گەیتس و پۆل ئالن لەگەڵ کۆمپانیای میتس بەدەستیان



هێنا، پێکەوە بڕیاریاندا کۆمپانیایەکی بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکان تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و ناویان نا Micro – Soft ئەم ناوەش بریتییە لە کورتکراوەی هەر دوو وشەی Microcomputer و Software بیڵ گەیتس بووە خاوەنی ڕێژەی 60% ی کۆمپانیاکە و پۆل ئالن بووە خاوەنی 40 % ئەمەش لەبەرئەوەی کە پۆل ئالن هێشتا فەرمانبەر بوو لە کۆمپانیای میتس و بیڵ تەنها لە کۆمپانیاکەدا کاری دەکرد. پرۆگرامی وەرگێڕی BASIC-interpreter کە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم ماوەیەدا بەرەوپێشی بردبوو، لەلایەن هاکەرەکانی کۆمپیوتەر ڕووبەڕووی دزین و کۆپی کردنی نایاسایی بوویەوە، ئەمەش بیڵ گەیتسی تووڕەکرد و هانیدا نامەیەك بۆ هاکەرەکان بنووسێت لە ڕۆژنامەی کۆمپانیای میتس An Open Letter to Hobbyists لە نامەکەدا بیڵ ئیدانەی کاری دزین و هاك کردنەکەی کرد و تەئکیدی لەسەر مافی پرۆگرامساز کردەوە لە بەدەستهێنانی بەهای بەرهەمەکانی لە ڕێگەی فرۆشتنی پرۆگرامەکانەوە، ئەم نامەیەش کاردانەوەی دژایەتی لە نێوەندەکانی هاکەرەکان لێکەوتەوە.


لە بەرامبەریشدا بیڵ چەندین نامەی پێگەیشت کە پێشنیاری چارەسەری گرفتی هاککردنیان تێدابوو، لە یەکێك لە نامەکاندا

پێشنیاری دانانی پرۆگرامێك كرابوو لە ناو پارچەی یادەوەری ROM دا، ئەمە كاری دزینەكەی مەحاڵ دەكرد و پێشنیارێكی شیاو بوو بە لای بیڵ و پۆلەوە، بۆیە بڕیاریاندا لەداهاتوودا جێبەجێی بكەن. بە شێوەیەكی كرداریش كۆمپانیای مایكرۆسۆفت پرۆگرامێكی وەرگێرانی بۆ كۆمپانیای (كۆمۆدۆر بیت)ی جیهانیی گەشەپێكرد، ئەوەبوو بۆ یەكەمجار پرۆگرامەكە خرایە ناو پارچەی ROM ی كۆمپیوتەری كۆمۆدۆر بێت.

لە كۆتایی ساڵی 1976 بەشێوەیەكی فەرمیی كۆمپانیای مایكرۆسۆفت وەك كۆمپانیایەكی سەربەخۆ تۆماركرا و قازانجەكەی گەیشتە نزیكەی 104216 دۆلاری ئەمریكی، پۆل ئالنیش وازی لە كۆمپانیای میتس هێنا بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەكی بەردەوام لە مایكرۆسۆفت كاربكات. بەمشێوەیە مایكرۆسۆفت بەردەوام بوو لە پێشخستن و بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەكانی سیستەمی جۆراوجۆر.

# چۆنیەتی دانانی زمانی كوردی لە ویندۆز حەوت


دوای دەرچوونی ویندۆز حەوت و كەوتنە نێو بازاری كوردستانەوە، زۆرێك لە بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەر لەبەر بەهێزی سیستەمەكە بەكاری دەبەن.





یەكێك لە كێشەكانیش ئەوەیە كە چۆن فۆنتی كوردی تێدا دابنێین. چونكە گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بچینە ناو كۆنترۆڵ پانێل لە رێگەی كلیك كردن لەسەر Start وەكو لەم وێنەیەی سەرەوەدا دیارە:

دوای ئەوە لە بەشی كۆنترڵ پانێل كلیك لەسەر Region and Langauge بكە و روكارێكی تر بۆ دەكرێتەوە وەكو ئەو وێنەیە:




بەشی Keyboard and Language هەڵبژێرە ئەوكات كلیك لەسەر Change keyboards بكە ئەوكات روكارێكی تر بۆ دەردەكەوێت وەكو وێنەكی تر و تێیدا كلیك لەسەر Add بكە لەو كاتەدا روكارێكی تر بۆ دەردەكەوێت:




لەم روكارەدا چەند كارێكمان هەیە، یەكەم دەبێت یەكێك لە زمانە عەرەبیەكان هەڵبژێرین و بۆ نمونە ئێمە عێراقمان هەڵبژاردووە دوای ئەوە كلیك لەوە نیشانەی (كۆ) دەكەین و ئەوكات كلیك لەسەر نیشانەی كۆ ی پاڵ كیبۆرد دەكەین و دوای ئەویش Arabic 101 هەڵدەبژێرین.

دوای ئەوە كلیك لەسەر OK بكەو سەیر دەكەین دەتوانین بە عەرەبی و كوردی بنوسین.

بەڵام ئەوانەی بیانەوێت بە یونیكۆد بنوسن كە لە هەموو جیهان دەخوێندرێتەوە زۆرتریش لە بواری سایتدا بەكار دێت لە كوردستان ئەوا راستەوخۆ كیبۆردی سی فۆر كورد سێت ئەپ بكات و ئەوكات دەتوانێت بە كوردی و عەرەبی بنوسێت.

بەم شێوەیە لە ویندۆز حەوتدا بە ئاسانی دەتوانیت كیبۆردێك سێت ئەپ بكەیت كە بە ئاسانی بە كوردی بنوسیت و كێشەی نوسینت نەمێنێت.

ئەگەریش پێویستی بە سیدی ویندۆز بوو لەوكاتەدا پێویستە هەمان ئەو سیدیە دابنێیت كە بەكارت هێناوە بۆ دانانی لەسەر كۆمپیوتەرەكەت.



تێبینی: كیبۆردی سی فۆر كورد لەناو سیدی لەناو فۆڵدەری ( C4Kurd KB ) هەیە.

www.c4kurd.com




# چارەسەری کێشەی وێنە لە مایکرۆسۆفت وۆرد 1997- 2007


م. ڕەسول بایز- دواناوەندی (چرۆ) ی نموونەیی- کۆیە
rosee_land@yahoo.com

زۆرجار لەکاتی کارکردنمان لە مایکرۆسۆفت وۆرد پێویستمان بەوە دەبێت کە وێنەیەک بهێنینە تەنیشت ئەو نوسینەی کە ئامادەی دەکەین، بەڵام لەدوای هێنانی وێنەکە دەبینین وێنەکە بە دیار ناکەوێت بەڵکو تەنها (چوارلاکانی) بەشێوەی هێڵ دەردەکەوێت.


ئەمەش بەهۆی بەهەڵە دەستکاریکردنەوەیە جا بۆچارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە لە ئۆفیس ١٩٩٧-٢٠٠٣ دوای کردنەوەی لاپەڕەیەک لە وۆرد پێش هێنانی وێنەکە یا پاش هێنانی وێنەکە بێت دەچینە Tools دواتر Options دەبینین دایەلۆگ بۆکسێك دێت لەژێر ناونیشانی (ئۆپشن) لەوێدا کلیك لەسەر View دەکەین و دواتر لە ڕیزی ناوەڕاست پێنجەم دەستنیشان دەکەین کە نوسراوە (Picture Placeholders)و هەڵیدەبژێرین واتە نیشانەی (سەح)ی لەتەنیشت لادەبەین و دواتر کلیك لە (Ok) دەکەین وەك لە وێنەی یەکەم دا دەردکەوتووە.




بەڵام چارەسەرکردنی لە وۆرد ٢٠٠٧ دا بەم شێوەیە سەرەتا کلیك لەسەر نیشانەی (office button) دەکەین کە شێوە ئەڵقەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە و دەکەوێتە لای چەپی گۆشەی سەرەوە وەك لە وێنەی دووەمدا دیارە دواتر لەلای خوارەوە کلیك لە(Word options) دەکەین و دەبینین دایەلۆگ بۆکسێك دێت و لەوێدا لەدەستی لای چەپ کلیك لەسەر (Advanced) دەکەین و لەلای




ڕاستیەوە دێینە ژێر ناونیشانی (Show document content) و ئەگەر نیشانەی (سەح) لە تەنیشت (Show picture placeholder) هەبوو پێویستە لای ببەین بۆ ئەوەی کێشەکەمان چارەسەر بێت.




تێبینی : تەنها لەکاتێ ئەم حاڵەتانەی سەرەوە دروست دەبن ئەگەر وێنەکە لەحاڵەتی (In line with Text) دا بێت وەك لەوێنەی سێیەم دەردکەوتووە. بەم شێوە ئاسانەی باسکرا دەتوانیت ئەو کێشە بێزار کەرە لە کۆڵی خۆت بکەیتەوە بە ئاسانی وێنەکانت لە نێو فایلەکانی وۆردا دابنێیت.



# فێربوونی ئەلکترۆنی
# E-learning

محمود ئەحمەد شەریف



به مه‌به‌ستی به‌ره‌وپێشچوونی خویندنی پیشه‌یی له هه‌رێمی كوردستان له به‌رواری ٢٦/ ١٠/ ٢٠٠٩ تا ٢٢/ ٢٠٠٩/١١ كه‌كۆمه‌لێك سه‌رپه‌رشیاران و به‌ریوه‌به‌رانی خویندنگه پیشه‌یی یه‌كان له هه‌رێمی كوردستان به‌ره‌و ولاتی ئه‌لمانیا به‌ری كه‌وتن وه له‌چه‌ندین خولی تایبه‌تدا به‌شداریان كردووه بۆیه گوڤاره‌كه‌مان به باشی زانی كه له‌گه‌ل یه‌كێك له و به‌رێزانه كه به‌شداریان كردووه له خوله كه ئه‌ویش به‌ریز ئه‌ندازیار (**محمود ئه‌حمه‌د شه‌ریف** )به‌ریوبه‌ری ئاماده‌ی پیشه سازی به‌كره‌جۆ له‌سه‌ر خویندنی ئه‌لكترونی بۆمان باس بكات E-learning وه به‌ریزی به‌م شێوه باسی بۆ كردین فێر بوونی ئه لەكترۆنی مانای چی یه ؟


فێربوونی ئه‌لكترۆنی بریتیه له هه‌موو شێوه‌كانی فێربوون به هۆی به‌كارهێنانی ئامێره ئه‌لكترۆنـــــی و كاره‌باییه‌كانه‌وه كه خۆی له چه‌ند شێوه‌و جۆرو رێگایه‌كدا ده‌بینێته‌وه، له ساڵی ٢٠٠٣ به دواوه بایه‌خێكی زۆر درا به فێربونی ئه‌لكترۆنی به‌هۆی ئه‌و خزمه‌ته زۆره‌ی كه فێربوونی ئه‌له‌كترۆنی كردوویه‌تی لـــه بواره‌كانی په‌روه‌رده و فێربوون، و چه‌ندیین بواری تر له رووی كۆمه‌ڵایه‌تیه‌وه.

لـه سـه‌ره‌كـیـتـریـن كـاره‌كـانـی فـێـربـو ونـی ئه‌لكترۆنی E-learning:

١)گواستنه‌وه‌ی پێكهاته‌كانی فێربوون. خوێنه‌ر ئازاد ده‌كات هه‌ر كاتێك و له هه‌ر شوێنێك ویستی ده‌توانێت بخوێنێت.

٢)هـۆیـه‌كـانـی پـه‌یـوه‌نـدیـكـردن كـه‌وا لـه خـوێـنـه‌ران ده‌كات به‌شداری چالاكانه بكه‌ن له په‌یوه‌ندی كردندا و ئه‌م په‌یوه‌ندی كردنه‌ش ده‌كرێت به هۆی چه‌ند رێگایه‌كی جۆراو جۆر و چه‌ند شێوه‌یه‌كه‌وه بێت كه باسی لێ ده‌كه‌ین.

گرنگی فـێـربـوونـی ئه‌لكترۆنی E-learning له‌وه‌دایه كه خوێندكار سه‌ربه‌ست ده‌كات وابه‌سته نه‌بێت به‌كات و شوێنه‌وه وه‌كو قوتابخانه و پۆله‌كانی خوێندن به‌ڵكو ده‌توانێت له ماڵه‌وه یان له‌هه‌ر شوێنێكدا بێت فێربوونی خۆی ئه‌نجام بدات به‌هۆی ئه‌نجامدانی فێربوونی، هاوكات Synchronous كه به شێوه‌ی نووسینه‌كی وه‌كو ژووری قسه‌كردن Chat نامه گۆڕینه‌وه، قسه‌كردن وه‌كـو كۆبوونه‌وه‌ی ڤیدیۆیی له رێگه‌ی ئینته‌رنێته‌وه و په‌یوه‌ندیكردنی ته‌له‌فونی، و ئه‌نجامدانی فێربوون له كاتی جیاوازدا Synchronous Non و به شێوه‌ی نوسینه‌كی وه‌كو به‌كارهێنانی پۆستی ئه‌لكترۆنی E – MAIL، به‌كارهێنانی زنجیره وانه‌كانی خوێندن هه‌روه‌ها قسه كردن وه‌كو فایله ده‌نگیه‌كان Audio – File ، ته‌دووینی ده‌نگی




Pod casting ، به‌شێوه‌یه‌كی گشتی ده‌توانین شێوه‌كانی فێربوونی ئه‌لكترۆنی E-learning، به‌م رێگایانه‌ی خواره‌وه دابه‌ش بكه‌ین:

**یـه‌كـه‌م:** ڕاهـێـنـان و فـێـربـوون بـه هـۆی كۆمپیوته‌ره‌وه Computer Based Trainings (CBT)

ڕاهێنان و فێربوون له رێگه‌ی كۆمپیوته‌ره‌وه بریتیه له یه‌كێك له رێگا كۆنه‌كانی فێربوونی ئه‌لكترۆنی به‌رنامه‌كانی ڕاهێنان و

www.c4kurd.com

فێر بوون بە هۆی Diskette و CD و DVD وە دەبێت.

لەم شێوەدا خوێنەر هیچ پێویستییەکی بە بەکارهێنانی Internet نابێت و شێوەیەکی سەربەخۆ لە خۆدەگرێت.

هەروەها تایبەتمەندیەکانی CBT ئەمانەن :

١) لەهەر شوێنێك بێت دەتوانیت فێر ببیت بەمەرجێك کۆمپیوتەر و کارەبا هەبێت.

٢) هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت فێر ببیت.

٣) پێویستیت بە مامۆستا نیە.



٤) خوێنەر تێکەڵبوونێکی باشی هەیە لەگەڵ پرۆگرامەکەیدا.

**دووەم :** فێربوون و ڕاهێنان لەرێگای شوێنەکانی تۆڕی ئینتەرنیتەوە (WBT) Web – Based trainings ئەم ڕێگای لە شێوەی ڕاهێنان و فێربوونی CBT یە تەنها ئەوەندە نەبێت ڕاهێنان و فێربوون بەهۆی تۆڕی ویبەوە پێویستە پەیوەندی بکەیت بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە لەکاتی فێربووندا ئەمەش بە دانانی بابەتەکانی ڕاهێنان و فێربوون لەسەر (سێرڤەر ویب) Web- Server لە کاتی پەیوەندی کردن بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

تایبەتمەندیەکانی ڕاهێنان و فێربوون بە تۆڕی (وێب)ەوە WBT ئەمانەن:

١)لەهەر شوێنێك بێت دەتوانیت فێر ببیت بەمەرجێك کۆمپیوتەر و کارەبا هەبێت و تۆڕی ئینتەرنێت هەبێت.

٢) هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت فێر بیت.

٣) پێویستیت بە مامۆستا نیە.

٤) خوێنەر تێکەڵبوونێکی باشی هەیە لەگەڵ پرۆگرامەکەیدا.

**سێهەم:** سمینارە ڕاستی و هاوکاتەکان Virtual seminars ئەم ڕێگایە هاوکاتیە Synchronous پێشی دەوترێت فێربوونی ئەلکترۆنی زیندوو Live E- learning کەلەم ڕێگایەدا خوێنەر بە هۆی تۆڕی Internet وە پەیوەندی دەکات بە یەکێك لە زنجیرە وانەکانەوە کە پێویستە لەسەر خوێنەر ئەو کاتەی وانەکەی تێدا دەوترێتەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئامادەبێت کە ئەمەش شێوەی قوتابخانەیەکی ئاسایی دەخاتە ڕوو کە مامۆستا و خوێندکارەکان ئامادەبوونیان تێدا هەیە، لەم ڕێگایەدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان مامۆستا و خوێندکارەکاندا.

مامۆستا پێویستیەکانی فێربوون ئامادەدەکات بە شێوەی وێنە و وێنەی هێڵکاری و نوسینەکان و چەندین پێویستی تر، خوێنەرەکانیش ئەو کاتەی وانەکەی تێدا دەوترێتەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئامادە دەبن. پێویستە لەسەر فێربووەکان لەو کاتەدا مایکرۆفۆن و گوێبیست و هەندێك جار کامێرایان پێبێت.

تایبەتمەندیەکانی Virtual seminars ئەمانەن:

١) لەهەر شوێنێك بێت دەتوانیت فێر ببیت بەمەرجێك کۆمپیوتەر و کارەبا و ئینتەرنێت هەبێت.

٢) پێویستە ئەو کاتەی وانەکەی تێدا دەوترێتەوە خوێنەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بێت.

٣) مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە وانەکەدا.

٤) خوێنەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ مامۆستا و بەشدار بووەکاندا.

**چوارەم:** سمینارەکان لەرێی ئینتەرنێتەوە – online seminars فێربون لەم شێوەیەدا وابەستەیە بەو کاتانەوە کە زنجیرەوانەکانی تێدا دەوترێتەوە و کارلەیەك کردن و لەیەك گەیشتنێکی باش هەیە لەنێوان مامۆستایان و فێربووەکاندا ولەنێوان خوێندکاران. دەتوانیت هەموو ڕێگاکانی فێربوون نێوەندەکانی فێربوون بەکار بهێنیت بە جۆرێك لەشێوەی هاوکات و لەکاتی جیاواز دەتوانیت فێرببیت لە ڕێگەی سیستەمی کارگێری فێربوونەوە Learning management System(LMS)



# مێژووی نامەی ئەلیکترۆنی

ئەندازیار / عبدالرحمن بهاءالدین شاکر

engineerabdulrahman@yahoo.com

نامەی ئەلیکترۆنی بەگرینگترین دەستکەوتی شۆرشی گەیاندن دادەنرێت، ئەم داهێنانە گرینگە بە گەورەترین هەنگاو دادەنرێت لە جیهانی وتووێژ و نامەگۆڕینەوە کەتیایدا گشت بەربەستەکان دەبڕدرێت و جیهان دەکات بە گوندێکی بچووك.


لەکۆتایی سالانی شەستەکاندا بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز لە بواری گەیاندن و گەردووندا لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت لە لایەك و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەکی تر، حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای (بۆڵت بیرانك ئەند نیومان)
Bolt Beranek and Newman
ناسراو بە (BBN) مۆرکرد بە مەبەستی دروستکردنی تۆڕی ئەرپانێت ARP-NET کەکورتکراوەی (Advanced Re-search Projects Agency Network) بۆ بەیەك بەستنی هەموو زانکۆ و پەیمانگا زانستییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بە بەردەوامی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت .کە دواتر ئەو تۆڕە پێشکەوتنی بە خۆیەوەبینی بوو بە تۆڕی ئینتەرنێت.



یەکێك لە ئەندامانی کۆمپانیای BBN ئەندازیاری کۆمپیوتەر (رای تۆملینسۆن) (Ray Tomlinson) بوو کە بەداهێنەری پۆستی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، ئەو داهێنانەش پاش ناردنی ئەو نامەیە دێت کە لەساڵی 1982 داهێنەر تۆملینسۆن بۆ خۆی نارد بە هۆی بەرنامەیەکەوە .

ئەو نامەیەی تۆملینسۆن کە بەیەکەم تروسکایی بواری پۆستی ئەلیکترۆنی دادەنرێت،یەکەم نامەی ئەلیکترۆنی بریتی بوو لە وشەیەکی بێ واتا بەڵکو پێك هاتبوو لە چەند پیتێکی هەڕەمەکی زمانی ئینگلیزی کە هیچ واتایەك نادات، نامەکەش بریتی بوو لەم پیتانە (QWERTYIOP)،

ئەندازیاری کۆمپیوتەر (رای تۆملینسۆن) بۆ گەیشتن بە بیرۆکەی نامەی ئەلیکترۆنی کاری لەسەر دوو بەرنامە کرد یەکەمیان بەرنامەی (SNDMSG) بوو کە کاری ئەو بەرنامەیە ناردنی نامە بوو لە ناو یەك کۆمپیوتەر (کاتێك لە یوزەرێك زیاتر لەسەر کۆمپیوتەرێك کاربکات) . دووەم بەرنامە بریتی بوو لە بەرنامەی (CYPNET) کە کاری ئەوەشیان گواستنەوەی فایلەکان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر لەهەمان تۆڕدا.دواتر تۆملینسۆن کاری لەسەر پێك بەستنەوەی




MAP 4 September 1971

هەردوو بەرنامە کە کرد سەرەنجام بوو بە خاوەن داهێنەری نامەی ئەلیکترۆنی .

نەناسینەوەی ئەو نامانەی کە لە تۆڕە پانزە کۆمپیوتەریەکەدا

www.c4kurd.com

بڵاودەبووەوە بۆتە دەرفەتێك بۆ داهێنانێكی تری ئەندازیار (رای تۆملینسۆن) ئەویش داهێنانی ناونیشانی پۆستی ئەلیكترۆنی بوو.

تۆملینسۆن دوای تێرمانینی كیبۆردی كۆمپیوتەر بۆ دۆزینەوەی هێمایەك كە كەمترین بەكارهێنەری هەبێت كە ئەویش هێمای @كە بەواتای ئامرازی پەیوەندی at دێت . تۆملینسۆن بەكاریهێنا بۆ جیاكردنەوەی ناوی نێرەر و شوێنەكەی .


سەرەرای گرینگی ئەو داهێنانە گەورەیەی ئەندازیار (رای تۆملینسۆن) لە رۆژگاری ئەورۆماندا كەچی داهێنانەكە ئەوكات دەستهاوێژی داهێنان (براءە الاختراع) پێنە بەخشێنرا . بۆ یەكەمجار هەڵسوڕێنەرانی ماڵپەڕی hotmail ی كۆمپانیای مایكرۆسۆفت كە هەڵسان بەپێشكەشكردنی نامەی ئەلیكترۆنی بە خۆرایی بۆ بەشداربووان.

# بەچەند هەنگاوێك قەبارەی وێنەكەت بچوك بكەرەوە


لەم رۆژگارەماندا هەموو وێنەكانمان بە كامێرای دیجیتاڵ دەگیرێت و زۆر جاریش لەبەر زۆری قەبارەی وێنەكان ناتوانین بە ئاسان بیان گوازینەوە یاخود بە ئیمەیڵ بیان نێرین. بۆ ئەم مەبەستە زۆر رێگە و بەرنامە هەیە دەتوانرێت قەبارەی وێنەی پێ بچوك بكرێتەوە.

بەڵام بەرنامەی FastStone Photo Resizer كە قەبارەكەی تەنها یەك مێگاو نیوە دەتوانیت بە چەند هەنگاوێكی كورت قەبارەی وێنەكەت لە سەدا پەنجا كەم بكەیتەوە.

دوای ئەوەی بەرنامەكەت سێت ئەپ كرد ئەوكات ئەم روكارەی خوارەوەت بۆ دەردەكەوێت:





لەژمارە یەكدا شوێنی وێنەكە دەستنیشان بكە. و لە وێنەی دووەدا وێنەكە دەستنیشان بكەو كلیك بكە لەسەر Add بۆ ئەوەی بچێتە خانەكەی دەستەراست. دوا ئەوە كلیك لەسەر چوار گۆشە بچوكەكە بكە وەكو لە ژمارە چوارا دیارە ئەوكات كلیك لەسەر Advanced Option بكە بۆ زیاتر دەستكاری و ئەم روكارەی ترت بۆ دەردەكەوێت:




لەم وێنەیەی سەرەوەدا یەكەمجار ئۆپشنی ناوەراست هەڵدەبژێرین و دوای ئەوە دەتوانیت لەسەدا 50 هەڵبژێریت بۆ ئەوەیە قەبارەكەی نیوە بكات.

دوای ئەوەی ئەو كارەت ئەنجامدا كلیك لەسەر OK بكەو دەگەڕێیتەوە روكارەكەی ئەوبەر و ئەو كات لە خوارەوە كلیك لەسەر Convert بكە كە لە خوارەوەدایە وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە:




بەم شێوەیە وێنەكەت بۆ نیوەی قەبارەی خۆی بچوك دەكاتەوە.

تێبینی: پرۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( FastStone ) هەیە.

www.c4kurd.com



# HP یەکەمین پرنتەری ماڵەوەی بەستراو بە ئینتەرنێت لە جیهاندا دەخاتەڕوو

کۆمپانیای HP لەمیانی پیشانگای قاهیرە بۆ تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن یەکەم پرینتەری ماڵەوەی کە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە ببەستریت لە جیهاندا خستەڕوو، ئەویش پرینتەری "HP PhotoSmart Premium کە بە تەکنەلۆژیای TouchSmart Web کاردەکات.

ئەم جۆرە پرینتەرە شاشەیەکی لەمسی گەورەی هەیە بە قەبارەی 4.33 ئینج کە ئەمەش گەورەترین شاشەی جۆری LC یە کە لە پرینتەرەکانی لە بازاڕدا هەیە.

ئەم پرینتەرە کارەکانی چاپ و کۆپی و سکان و ناردنی فاکس دەکات، هەروەک کۆمەڵێک هەڵبژاردەی تێدایە کە وای لێکردووە پرینتەرێکی نموونەی بێت بۆ بەدی هێنانی پێویستییە جۆراوجۆرەکانی ماڵەوە.


پرینتەرەکە بەشێوەیەک دروستکراوە کە حیسابی بۆ بەفیڕۆنەچوونی کاغەزیش تێدا کراوە کە بە ئاسانی و بە ئۆتۆماتیکی دەتوانێت هەردوو دیوی کاغەزەکە چاپ بکات.

# لەمەوپاش بە SMSێک چیمەنەکەت کورت بکەوە



کۆمپانیایەکی سویدی لەم دواییانەدا رۆبۆتێکی دروست کردووە کە کارەکانی تەواو ئۆتۆماتیکییە و تەنها بە SMSێك دەتوانێت چیمەنی باخچەیەك کورت بکاتەوە.

ئەو رۆبۆتە کە بە Automower ناسراوە دەتوانێت چیمەن یان (فریز)ەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کورت بکاتەوە، رۆبۆتەکە پاش وەرگرتنی کورتە پەیامێك کە لەو پەیامەدا شێواز و جۆر و قەبارەی کەمکردنەوەی چیمەنەکەی بۆ دیاری دەکرێت، یەکسەر ڕاستەوخۆ دەست دەکات بە ئەنجامدانی کارەکە، سەرەڕای ئەوەش ئەو رۆبۆتە پێویستی بە وزەی کارەبا نییە و لە رێگای تیشکی خۆرەوە شەحن دەبێتەوە.




# فەیسبووک بەنیازە خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووانی دابین بکات

تۆڕی کۆمەڵایەتی بەناوبانگی فەیسبووک (www.facebook.com) بەنیازە خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووانی دابین بکات، ئەمەش بە ئامانجی خزمەتکردنی زیاتر و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان بەشداربووانی.

جێی ئاماژە پێکردنە ژمارەی بەشداربووانی تۆڕی فەیس بووک گەیشتۆتە زیاتر لە (400) ملیۆن لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم ژمارە زۆرەی بەشداربووانیشی وادەکات کە بتوانێت کێبڕکێیەکی بەهێز لەگەڵ کۆمپانیاکانی تری خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنی بکات وەکو یاهوو هۆت مەیل و جیمەیل.

جوانی کاری فەیسبوک گەشبینیەك دەدات بە سەرکەوتنی لەم بوارەشدا.

www.c4kurd.com

# رۆبۆتەکان جەنگاوەری سەدەی نوێن لە ڕیزەکانی سوپای ئەمریکادا

یەکێك لە توێژەرە ئەمریکییەکان لە کۆمپانیای (کینیتیك)ی بەریتانی بۆ دروستکردنی (ڕۆبۆت) بەناوی (بۆب کیون) ڕایگەیاند کە کۆمپانیاکەیان جۆرە ڕۆبۆتێکی جەنگاوەر دروستدەکات کە توانای جێبەجێکردنی زۆر ئەرکی مەیدانی جەنگی هەیە لەوانە تەقاندنی گوللە و نیشانگرتن و بەرەنگاربوونەوە، ئەم هەواڵەش



هەر بەخێرایی کاردانەوەی دژایەتی لەلایەن چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤی لێکەوتەوە، پرسیاری گەورەش لەبارەی ڕادەی توانای کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕۆبۆتەیە لەلایەن مرۆڤەوە، ئایا ئەگەر ڕۆبۆتەکە هەڵە بکات و لە دەست دەربچێت، ئایا چۆن ڕێگە بە ڕۆبۆت بدرێت مرۆڤ بکوژێت؟

# هێشتا تەمەنی نەبوەتە 10 ساڵ چوار بڕوانامەی مایکرۆسۆفتی بەدەستهێناوە




ئەگەرچی (مارکۆ کالاسان)ی خەڵکی وڵاتی مەکدۆنیا هێشتا تەمەنی 9 ساڵە، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی چوار بڕوانامەی مایکرۆسۆفت بەدەست بهێنێت کە ئەوانیش بریتین لە: MCP – MCDST – MCSA – MCSE و ئێستاش خەریکی پلاندانانە بۆ بڕوانامەی پێنجەم.

مارکۆ لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ئەو لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەسەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ڕاهاتووە و سیستەمی ویندۆز و کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی زۆر خۆشدەوێت، هەروەها گوتی کە ئەو سایتی گەڕانی Bing ی بە لاوە باشترە لە Google کاتێکیش سەبارەت بە سیستەمی (ماك) پرسیاری لێکرا گوتی: هەر بەکارهێنەرێك هەڵبژاردنی خۆی هەیە.

# مایکرۆسۆفت تەکنەلۆژیایەکی تازەی کۆنترۆڵی یارییە ئەلیکترۆنیەکان رادەگەیەنێت

کۆمپانیای بەناوبانگی بواری سۆفتوێر، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پرۆژەیەکی راگەیاند بەناوی (ناتال Natal)، ئەم پرۆژەیە بۆ یارییەکانی کۆمپیوتەرەو هەوادارانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە ئەندامانی جەستەیان بەکاربهێنن بۆ یاری لە جیاتی کیبۆردو ئامرازەکانی یاری.

مایکرۆسۆفت ئەم پرۆژەیەی لە پێشانگای ئەلیکترۆنیاتی CES 2010 لە لاس ڤیگاسی راگەیاند، ئەم پێشانگایەش بە یەکێك لە گرنگترین پێشانگا تەکنەلۆژیەکان دادەنرێت لە جیهاندا.

مایکرۆسۆفت رایگەیاند کە لە کۆتایی ئەم ساڵدا ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە دەکەوێتە بازاڕەوە. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانرێت لەگەڵ ئامێری بەناوبانگی Xbox 360 بەکاربهێنرێت کە ئەویش یەکێکە لە بەرهەمەکانی مایکرۆسۆفت.

هەر لە میانی ئەم پیشانگایەشدا (ڕۆبی باخ)ی سەرۆکی بەرهەمە تەرفیهیەکانی مایکرۆسۆفت کۆمەڵێك یاری نوێی بۆ Xbox 360 راگەیاند لە گرنگترینیان ڤێرژنێکی نوێی یاری بەناوبانگی (هالۆ Halo)یە کە وا بڕیارە لە بەهاری ئەم ساڵ بکەوێتە بازاڕەوە.

تێبینی: فایلێکی ڤیدیۆیی لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Microsoft ) سەیر بکە.

www.c4kurd.com




# زنجیرەی فێربونی
# مایكرۆسۆفت ئێكسڵ ٢٠٠٧

مامۆستا كاروان ڕەشید محمد
Karwan.Computer@yahoo.com
- زنجیرەی سێیەم -


لەم زنجیرەدا باس لەچەند كردارێكی گرنگ دەكەین لەناو بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئێكسڵ 2007 دا.

ئەو كارانەی كە دەیكەین لە دام و دەزگاكانی حكومەتدا یان كۆمپانیا و شوێنە بازرگانیەكان یان هەركارێكی تری كە پێویستەكات بە هێڵكاری ئامارەكان یان بابەتەكان ڕوون بكەینەوە, لەڕێگەی هێڵكاری (Chart)ەوە ئەم كارە دەكەین, بۆ نمونە ئەمانەوێت بە هێڵكاری نمرەی خوێندكاران دیاری بكەین, سەرەتا نمرەی كۆتایی دیاری دەكەین وەك وێنەی (1)





| ژمارە | ناو | هەڵسەنگاندن 15 | تاقی كردنەوە 20 | هەڵسەنگاندن 15 | كۆرسی یەكەم 50 | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | ئارام علی قادر | 13 | 12 | 10 | 35 | 70 |
| 1 | ژیار بكر محمد | 9 | 15 | 12 | 40 | 76 |
| 4 | زرنگ عمر صالح | 8 | 10 | 9 | 18 | 45 |
| 2 | عمر محمد أحمد | 14 | 18 | 13 | 40 | 85 |
| 5 | محمد دەوەن سەروەر | 12 | 7 | 8 | 15 | 42 |
| 6 | ئاسۆ علی | 10 | 15 | 13 | 36 | 74 |


پاشان كلیك لیستی Insert دەكەین, دوای ئەوە ئەو شێوازە هێڵكاریەی كە دەمانەوێت دیاری دەكەین, بۆ نمونە ئێمە شێوازی Column هەڵدەبژێرین كە كۆمەڵێك شێوەی هەیە وەك وێنەی (2)





پاش ئەوەی شێوازەكەمان هەڵبژارد شێوەی كۆی گشتی بە شێوەی هێڵكاری دەردەكەوێت وەك وێنەی (3)





پاشان دەتوانین لە لیستی Design دا بچینە سەر بەشی Chart Style ڕەنگی هێڵكاریەكانمان بگۆڕین وە لەبەشی Chart Layout دا گۆڕانكاری لە هێڵكاریەكەدا بكەین بەشەكانی تری هێڵكاریەكە دەربكەوێت یان ژمارەكان لەسەر هەریەكە لە ئاستەكان داربكەون وە یان ئەتوانین ناوی هەریەكە لە بەشەكان بگۆڕین و ناوی تریان بۆ دابنێین یان شێوەی هێڵكاریەكان بگۆڕین وەك وێنەی (4)




www.c4kurd.com


بەشێکی تری گرنگ لەناو ئەم بەرنامەدا چۆنیەتی دانانی نامەی ئاگادار کردنەوەیە, بۆنمونە کاتێك خشتەی زانیاری خوێنکاران پردەکەینەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا,لە یەکێك لە بەشەکانی خشتەکەمان ئەو مەرجە دابنێین , کە هەر کۆلێژەو نمرەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ وەرگرتن. خشتەیەك دروست دەکەین لە خانەی نمرەی خوێندکاردا دەمانەوێت نامەی ئاگار کردنەوە دابنێین کە تەنها نمرەکانیان لە نێوان (85 بۆ 95 ) دابێت بۆ ئەوەی کە کەسانی تریش کاریان تیادا کرد لەم خشتەدا هەڵەی تیادا نەکەن و ئاگادار بکرێنەوە. دوای ئامادەکردنی خشتەکە لە خانەی کۆی نمرەی خوێندکاردا کلیك دەکەین و دەچینە سەر لیستی Data وە کلیك لەسەر بەشی Validation Text دەکەین پاشان بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە وەك وێنەی (1)








ئــەم بـۆکـسـە لــە ســێ بــەش پـێـکـهـاتـووە وەك (Settings, Input Message, Error Message) لە بەشی Settings ادا دەچینە سەر بەشی Allow لەوێدا While Number هەڵدەبژێرین پاشان لە بەشی Data ادا ( Between) هەڵدەبژێرین چونکە کارەکەی ئێمە لەنێوان دوو ژمارەدایە وە هەموو پلەکانی بەراوردی تیادایە بەپێی مەرجەکان دەگۆڕێن, وە لە خانەی Minimum ادا نزمترین ژمارە دەنوسین کە ژمارە (85) وە لە خانەی Maximum ادا گەورەترین ژمارە دەنوسین کە (95) وەك وێنەی (2)




پاشان لەبەشی Input Message ادا نامەیەکی ئاگادارکردنەوە ادا ئەنێین بۆ ئەوەی کاتێك کە چوینە ئەو بەشە نامەکە ئاگادارمان بکاتەوە, لەبەشی Title ناونیشانی نامەکە دەنوسین بۆ نمونە (ئاگاداربە) وە لە خانەی Input Message ادا دەنوسین ( تەنها ئەو نمرانە وەردەگرێ کە لە نێوان 85 بۆ 95 )نمرەیە وەك وێنەی (3)




پاشان دەچینە بەشی Error Alert ئەم بەشەش تایبەتە بە ئەو هەڵەی دەیکەیت لەناو خانەکە واتە جگە لەو نمرانە نمرەی تر داخڵ بکەیت ئەم بەشە ئـاگـادارت دەکاتەوە, لەبەشی Title ادا دەنوسین (ئاگاداربە) وە لەبەشی Style ادا شێوەیەك هەڵدەبژێرین بۆ نمونە (Stop) و لەبەشی Error message ادا دەنوسین ( ئەم نمرە وەرناگرێ) وەك وێنەی (4) ئەو کارەی زیاتر تێدا روونکراوەتەوە:

www.c4kurd.com




پاشان کلیك لەسەر ئەو خانە دەکەینەوە لە سوچێکی خانەکەدا هێمای (+) دروست دەبێت بە Drag & Drop


رایدەکێشین بە درێژای ئەو خانانەی کە دەمانەوێت, کاتێك دەمانەوێت نمرەکە بنوسین نامەکە ئاگادارمان دەکاتەوە. هەروەها لەکاتی هەڵە کردنیشدا بۆکسی ئاگادارکردنەوەکە دەردەکەوێت وەك وێنەی (5)





سەیر دەکەین هەمان ئەو شتانەی ئێمە نوسیمانە دەردەکەوێت.

# بەرنامەیەك بۆ پیشاندانی قەبارەی فۆڵدەر

بەرنامەی Folder Size بەرنامەیەکی زۆر بچووکە و قەبارەکەی تەنها 500 کیلۆبایتە و پێویستی بە سێت ئەپکردن نییە، کاری بەرنامەکە بریتیە لە پیشاندنی قەبارەی سەرجەم فایل و فۆڵدەرەکانی ناو هاردی کۆمپیوتەر زۆر بەخێرایی و تەنها لە چەند چرکەیەکدا. دوای دەبڵ کلیك کردن لەسەر بەرنامەکە ویندۆیەك بەناوی Open File دەکرێتەوە و کلیك لەسەر فەرمانی Run بکە، ئێنجا بەرنامەکە دەکرێتەوە.




لە خانەی Browse ئەو بەشە هاردە دەست نیشان دەکەیت کە دەتەوێت قەبارەی سەرجەم فایل و فۆڵدەرەکانی ناوی بزانیت، دوای دەست نیشانکردن لە هەردوو خانەکانی خوارەوەدا کە نووسراوە: Folder و File Name قەبارەی گشت فایل و فۆڵدەرەکان پیشان دەدرێت، هەروەها لەلای سەرەوەدا لەهەردوو ئەو بەشەی کە نووسراوە Directories و Files دا ناو و قەبارەی چوار لە گەورەترین ئەو فایل و فۆڵدەرانە دەنووسرێت کە قەبارەیان لە هەموویان زیاترە. وەك وێنەکانی خوارەوە:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( FolderSize ) هەیە.

# سایتی بەهێزی Cnet بۆ داونلۆدی بەرنامە


Payraw101@yahoo.com

پەیرەو عمر


سایتەکانی تایبەت بە داونلۆد کردنی بەرنامە بە خۆڕایی ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە سایتەکانی نێو ئینتەرنێت داگیرکردوە، بەڵام کەمیان هەن بە بێ کێشەو بە خێراییەکی زۆر بەرنامەی لێ داونلۆد بکەیت. چونکە زۆرێکیان لەبەر لۆدی زۆر زۆر بەماوەیەکی زۆر ئەوکات بەرنامەیەکت بۆ داونلۆد دەکات. بەڵام سایتی Cnet بەیەکێك لە سایتە زۆر سەرکەوتوەکانی بواری داونلۆدی بەرنامە دەژمێردرێت.

سەرەتا بۆ چونە ناو سایتەکە ئەم لینکەی خوارەوە لە شوێنی ئەدرێسی سایتەکان بنوسە
www.download.cnet.com


دوای ئەوە ئەم روکارەی سایتەکەت بۆ دەکرێتەوە:





سەرەتا وەک هەموو سایتێکی تر لەبەشی Searchدا ناونیشانی ئەو بابەتەی دەمانەوێ دەی نوسین وەکو ئەم وێنەیە روونی دەکاتەوە:




پاشان کلیك لەسەر ئەم ئایکۆنە دەکەین بۆ ئەوەی گەڕانەکەمان بۆ بکات و ئەو بەرنامەی دەمانەوێت بۆمان بدۆزێتەوە و لە ئەنجامدا سەدان بەرنامەمان



بۆ دەهێنێت کە پێویستمانە:




وەکو ئەو وێنەیەی سەرەوە دەرکەوتوە کە ئێمە بۆ بەرنامەیەك گەڕاوین و ئەویش پیشانی داوین و لە ژمارە یەکدا ناوی بەرنامەکە نوسراوەوە لە ژمارە دوودا کە دەستنیشانمان کردوە دەتوانیت بەرنامەکە داونلۆد بکەیت.

بەکلیك کردن لەسەر Download ماوەیەکی کەم چاوەڕوان بەو بەرنامەکەت بە بێ کێشەو بە خێراییەکی باش دەست دەکات بە داونلۆد کردن.

ئەوەی کە گرنگە لەم سایتە ئەوەیە دەتوانیت ئەو بەرنامەی کە دەتەوێت بە یەکێك لە بەرنامەکانی تایبەت بە داونلۆد کارەکەت ئەنجام بدەیت و بەرنامەکە داونلۆد بکەیت. بۆ نمونە دەتوانیت بەرنامەی ئینتەرنێت داونلۆد مانیجەر بەکار ببەیت و بە ئاسانی خێرایی زیاتر بەرنامەکە داونلۆد بکەیت.






# ئەو بەرنامانەی پێویستن بۆ کۆمپیوتەرەکەت


محەممەد ئەبوبەکر تۆفیق
mohamad11@gmail.com

وەکو دەزانین تەنها سیستەمی کار پێکردن بەس نیە بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت بەبێ کێشە هەمووکارەکانت بۆ ئەنجام بدات. بەڵکو کۆمەڵێك بەرنامەی تری پێوست هەیە کە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کارەکانت بەئاسانی بڕوات کە ئەم بەرنامانە بۆ هەموو کەسێك کە کۆمپیوتەر بەکار بهێنیت زۆر پێوستە گرنگە، ئێمە تیشك دەخەینە سەر چەند بەرنامەیەك:

1- بەرنامەی زیپ Win Zip لەگەڵ بەرنامەی Win RAR کە گرنگە بۆ زۆر ئەو فایلانەی کە لە ئینتەرنێتەوە وەردەگرێن بەبێ ئەم بەرنامەیە ناکرێنەوە ناتوانیت سوودی لێ وەربگریت هەتاوەکو ئەو بەرنامەیە دانەبەزێ نیت. جگە لەوەی هەرکاتێك زیاتر لە یەك فایلت هەبوو ویستت بە ئیمەیڵ بینێریت ئەوا هەموویان دەتوانیت بکەیتە یەك فایلی زیپ یان رار و بە ئاسانی بیانێریت لەگەڵ ئەوەی کە قەبارەکەشیان کەم دەکاتەوە.



2- بەرنامەی دژە ڤایرۆس anti virus کە زۆر گرنگە بۆ هەموو ئەوانەی کە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە کۆمپیوتەرەکانیان بەستراوە بە هێڵی ئینتەرنێتەوە و پێوستە ئەو دژەڤایرۆسە تازە بێت و زوو زوو ئەپدەیت بکرێتەوە. دژە ڤایرۆس زۆرە وەك کاسپەر و نۆرتن و مەکافی.



3- بەرنامەی پاراستنی کۆمپیوتەر لە چەتەکانی ئینتەرنێت یان هاککردن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بێتە ناو کۆمپیوتەرەکەت بەمەستی تێکدانی یان دزینی فایل یان بۆ هەرمەبەستێکی تر ئەوا پێوستە زۆر ئاگاداری کۆمپیوتەرەکەمان بین و بەرنامەی Zone Alarm مان هەبێت.

4- بەرنامەی کردنەوەی فایلی دەنگ و رەنگ وەك بەرنامەی VLC یان K-Lite Mega کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ خوێندنەوەی سیدی دەنگ و رەنگ. چونکە میدیا پلەیەری ویندۆزخۆی ناتوانێت هەموو فایلە دەنگ و رەنگەکانت بخوێنێتەوە بەتایبەت ئەو فایلانەی لە ئینتەرنێت و مۆبایلەوەوەردەگیرێت.




5- بەرنامەی Adobe Acrobat کە زۆر گرنگە بۆخوێندنەوەی ئەو فایلانەی کە بە شێوەی PDF سەیڤ کراون و لەڕێگای ئەم بەرنامەیە دەتوانیت فایلی ۆرد بگۆڕیت بۆ PDF. جگە لەوەی زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بە شێوەی فایلی پی دی ئێف لە نێو ئینتەرنێت دادەنرێن و دەتوانیت بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە بیخوێنیتەوە.




6- بەرنامەی ئۆفیس کە ئەم بەرنامە زۆر گرنگە بۆ نووسین یان بۆکاری ژمێریاری و دروستکردنی داتابەیس زۆر کاری تر دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت.
بێگومان بەرنامەکانی ئۆفیسیش لەگەڵ سێت ئەپی ویندۆز نایەت و دوای ئەو دەبێت سێت ئەپی بکەیت و بەرنامەی ۆرد و ئێکسڵ لە هەموویان بەناوبانگترو بەکاربەرترە لە کوردستانی خۆماندا.




تێبینی: هەموو پرۆگرامەباسکراوەکان لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Format) هەیە.

www.c4kurd.com



# ژێرنووسکردنی فیلم بۆ زمانی کوردی بەبێ بەرنامە


ئا: بەرهەم دەربەندیخانی
1barha@gmail.com

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانیت کە ژێرنووسکردنی فیلم ئاسانە بەڵام ماندووبوونەکەی لە وەرگێڕانەکەیدایە کە دەبێت هەموو ڕستەکان وەربگێڕێتە سەر ئەو زمانەی کە دەتەوێت. ئەوەش دەکەوێتە سەر ئاستی شارەزایی کەسەکە بۆ زمانەکان.

پێش هەموو شتێک دەبێت ناوی ئەو فیلمە بزانیت کە دەتەوێت ژێرنووسەکەی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، و دووەمین زانیاری ئەوەیە کە تەنها پێویستت بە بەرنامەی Notepad هەیە کە ئەویش لە نێو ویندۆزەکەت هەیە و بەرنامەیەکی بچوکە.

بۆ دەستکەوتنی ژێرنووسی هەر فیلمێک دەتوانیت لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەستتبکەوێت لە ڕێگەی ئەم سایتەوە
www.subscene.com

ژێرنووسەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و ئەڵمانی و فەرەنسی و فارسی و چەندانزمانی تر بە ئاسنی دەستت دەکەوێت. دوای ئەوەی سایتەکەت کردەوە




تۆش لە بۆشایی Search for subtitles ناوی ئەو فیلمە بنووسە کە دەتەوێت پاشان لیستێک لە ژێرنووسەکان دەهێنێت هەرکامەیان کە زمانەکەی بۆت ئاسانە داونلۆد دەکەیت، ئاسایی فۆرماتی فایلەکان (ئێس ئار تی)ــە، و ئەم جۆرە فایلانە بە دەتوانرێت دەسکاری بکرێت. واتە تۆ بەرنامەیەکی تایبەتت پێویست نییە بۆ کردنی کارەکانت. بە بەرنامەی Notepad بیکەرەوەو هەوڵ بدە نوسینەکان بگۆڕە سەر کوردی.

بەبێ گۆڕینی ژمارەکان (کاتژمێر و خولەک و چرکە) دەتوانیت ڕستەکان بگۆڕیت وەک ئەم نموونە؛

830
01:04:09,788 --> 01:04:11,282
- Why don't you say something?
- What to say?


پاش وەرگێڕانی ڕستەکان بەم شێوەی لێدێت:

830
01:04:09,788 --> 01:04:11,282
- بۆچی تۆ شتێک ناڵێیت؟
- چی بڵێم؟

**تێبینیەکی گرنگ لە بارەی نوسینی کوردی لە نێو فایلەکەدا:**

پێویستە نوسینەکانت بە یونیکۆد بێت تاکو بە ئاسانی لە نێو فیلمەکە دەربکەوێت. نوسینی یوینکۆدیش بە شێوەیەکی ئاسان دەکرێت و دەتوانیت بە چەند شێوەیەک بینوسیت لەوانە کیبۆردی سی فۆر کورد بەکار ببەیت و لە سایتی سی فۆر کورد دەستت دەکەوێت. یاخود نوسینەکان بە یەکێك لە کۆنڤێرتەکاندا بیگۆڕیت بۆ یوینکۆد.

دوای ئەوەی کە هەموو نوسینەکانت کردە کوردی ئەوکات لە کاتی سەیڤکردنیشدا پێویستت بە سەیڤکردنێکی جیاوازتر هەیە ئەویش کلیك لەسەر File بکەو دوای ئەویش Save As هەڵبژێرە و بە هەمان ناو لە نێو فۆڵدەری فیلمەکە دای بنێ بەڵام ئاگادار بە لە خوارەوە نوسراوە Encoding تۆ هەوڵ بدە UTF-8 هەڵبژێرە هەروەکو چۆن ئەم وێنەیەدا:




کاتێک فایلەکە پاشەکەوت دەکەیت دەبێت لەناو ئەو فۆڵدەرەدا بێت کە پارچە ڤیدیۆکەی تێدایەو وە هەمان ناوی هەبێت لەگەڵ ناوی پارچە ڤیدیۆکەدا، واتە فایلی ژێرنووسەکە و پارچە ڤیدیۆکە یان فیلمەکە دەبێت پێکەوە لە یەک فۆڵدەردا بن بە یەک ناوی هاوشێوەوە کە ئەمە خاڵی سەرەکی ئەم فێرکارییە. لە کۆتاییدا پارچە ڤیدیۆیەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکە تاقی بکەرەوە بەم شێوەیە دەردەچێت...




# چۆنیەتی گواستنەوەی ئینتەرنێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە هۆی ڕاوتەری مایکرۆتیك



توانا ئیسماعیل twana@twanait.com


- بەشی دووەم و کۆتایی -

10. دەبینین ئینتەرفەیسێک لە خوارەوەی Wlan1 زیاد بووە بە ناوی WDS وەک ئەو وێنەی خوارەوە:




11. هەنگاوی کۆتایی لەو ڕاوتەرەی دەبێتە AP ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە دەبێت IP یەك دابنێین سەر ئینتەرفەیسی Bridge1 . بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕاوتەرەکەی ئەوبەر واتە Client ڕاوتەرەکە Ping ی بۆ بکەین. واتە بە هۆی Ping کردن بۆ ئەو ڕاوتەرە دەزانین ئایا P2P ئیش دەکات و چیچ گرفتێکمان نیە لە نێوان ڕاوتەرەکان؟

سەرەتا دەچینە بەشی IP > Addresses پاشان + لێدەدەین و ویندۆیەکی نوێ دەکرێتەوە IP یەکە دەنووسین لەگەڵ Subnet ەکەی. لە ئینتەرفەیسیش Bridge1 هەڵدەبژێرین. ئەو IP یەی لەسەر Bridge1 دایدەنێین دەکرێت Private IP بێت . لێرەدا من بۆ تێستی ئەو IP دادەنێمە سەر بریجەکە 192.168.0.1/24 بەڵام ئەگەر بمانەوێت لە





دەرەوە چاودێری ڕاوتەرەکان بکەین بە ڕێگای Remote ئەوا دەتوانین Public IP دابنێین.

B/لە ڕاوتەری دووەم واتە ئەو ڕاوتەرەی کە ئینتەرنێتەکەی پێ وەردەگرینەوە (Client Router)ئەو هەنگاوانەی خوارەوە جێ بە جێ دەکەین:

12. وەکو هەنگاوی یەکەم و دووەم دەچینە ناو ڕاوتەرەکە بە هۆی بەرنامەی Winbox. لە پاشاندا ناوێك لە ڕاوتەرەکە دەنێین وەك ئەوەی لە هەردوو هەنگاوی یەکەم و دووەم ئەنجام ماندا. ئەو ڕاوتەرەیان کە پەخشەکە وەردەگرێتەوە ناوی دەنێین (P2P Client).


13. ئێستا دێین وەکو هەنگاوی سێ یەم بریجێك دروست دەکەین لەبەشی Bridge دا. بۆ وێنەکەی سەیری هەنگاوی سێ یەم بکە.

14. پاش ئەوەی بریجێکمان دروست کرد. ئینجا دێین هەردوو ئینتەرفەیسی Wlan1 و Ether1 زیاد دەکەینە ناو بریجەکە. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە لە ڕاوتەرە سەرەکیەکە (P2P AP) واتە ڕاوتەرەکەی ئەوبەر تەنها ئینتەرفەیسی Ether1 مان خستە ناو بریجەکە چونکە ئینتەرفەیسی Wlan بە شێوازیکی تر خستمانە ناو بریجەکە ئەویش بە هەڵبژاردنی Bridge1 بوو لە بەشی WDS دا وەك لە هەنگاوی نۆیەمدا



باسمان کرد. بەڵام لێرەدا واتە لە (Client Router) هەردوو ئینتەرفەیس دەخەینە ناو بریجەکە.

15. وەکو هەنگاوی شەشەم کە پێشتر باسمان کرد سکیوریتی پرۆفایلێك دروست دەکەین و هەمان پاسوێد دەنووسین کە لە AP Router کە نووسیمان. بۆ ئەوەی




بتوانن لەگەڵ یەکتر کۆنێکت بن.

16. پاش ئەوەی لە Client Router یشدا سیکورتی پرۆفایلمان دروست کرد، دەست دەکەین بە کۆنفیگەر کردنی سێتینگی وایرلێسەکە و یەکەم هەنگاو دەچینە بەشی





Interface، دواتر دەبل کلیك لەسەر Wlan1 دەکەین وەك لە هەنگاوی 7 دا باسمان کرد.


دەبل کلیك لەسەر wlan1 دەکەین و ویندۆیەکی نوێمان بۆ دەبێتەوە لە بەشی Wireless دا سێتینگەکەی وەك ئەمەی خوارەوە لێدەکەین:

- Mode: Station WDS / لە ڕاوتەرەکەی ئەوبەر Bridge مان هەڵبژارد چونکە ئینتەرنێتەکەی دەدا، بەڵام لێرە Station WDS هەڵدەبژێرین چونکە دەمانەوێت بەو ڕاوترە ئینتەرنێتەکە وەرگرینەوە.
- Band: 5.8 GHz / جۆری باندەکە دەکەین بە 5.8 GHz، چونکە لە ڕاوتەرەکەی ئەوبەریش هەمان باندمان هەڵبژارد. پێویستە هەردووکیان یەك باند بن ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت ئەوا ئەو ڕاوترە ناتوانێت ئەوی تر ببینێت.
- Security Profile: Security / ئەو سیکیوریتی پرۆفایلەی لە هەنگاوی 15 دا دروستمان کرد. ئەوە لێرە هەڵیدەبژێرین ئەگەر نا ناتوانین لەگەڵ ڕاوتەرەکەی تر کۆنێکت بین بەبێ Security Key.


17. دوگمەی Scan لێدەدەین، ویندۆیەکی نوێمان بۆ دەکرێتەوە لە وێدا ئەو SSID یە دەدۆزینەوە کە لە ڕاوترەکەی ئەوبەر واتە AP Router دامان نابوو. وە سەیری سیگنەڵەکە




دەکەین چەندی کەمتر بێت ئەوا باشترە بەڵام نابێت لە -76 زیاتر بێت. ئینجا SSID یەکە هەڵدەبژێرین و دوگمەی Connect لێدەدەین، دواتر Close دەکەین.





18. پاش ئەوەی SSID یەکەمان دۆزییەوە و کۆنێکت بووین لەگەڵی، ئەگەر بچینە بەشی Interfaces دەبینین لە تەنیشت ئینتەرفەیسی Wlan1 پیتی R نووسراوە . واتە ئەو ئینتەرفەیسە ئێستا لە کاتی کارکردندایە ( Ru-ning)و کۆنێکتە لەگەڵ ڕاوتەرەکەی ئەوبەر. بەڵام ئەگەر هیچ پیتێك لە تەنیشتی نەنووسرابوو ئەو کاتە پێویستە دووبارە سەیری هەنگاوەکان بکەینەوە چونکە هیچ پیتێك لە تەنیشتی نەنووسراوێ ئەوا مانای ئەوە دەدات کە ئەو ئینتەرفەیسە لەکاتی کارکردن دا نیە و لەگەڵ هیچ نێتۆرکێك کۆنێکت نەبووە. ئەگەر پیتی X لە تەنیشتی نووسرابوو ئەوا مانای وایە ئەو ئینتەرفەیسە Disable بووە و پێویستە Enable بکەین . ئینتەرفێسەکە دیاری دەکەین و ئینجا پیتی E لەسەر کیبۆردەکەمان دادەگرین




دەبینین ئینتەرفەیسەکە Enable بووە.


19. ئێستا کە هەموو شتێك تەواوە، دەست دەکەین بە دانانی IP لەسەر ئینتەرفەیسی Bridge 1 بۆ ئەوەی بتوانین لەم ڕاوەرەوە Ping بۆ ڕاوتەرەکەی تر بکەین و دڵنیابین لەو نێتۆرکەی کە دروستمان کرد لە نێوانیاندا. بۆ ئەم مەبەستە ئەو هەنگاوانە دەگرینە بەر کە لە بەشی 11 دا باسمان کرد. دەچینە بەشی IP > Addresses پاشان + لێدەدەین و ویندۆیەکی نوێ دەکرێتەوە IP یەکە دەنووسین لەگەڵ Subnet ەکەی. لە ڕاوتەرەکەی ئەوبەر

واتە AP یەکە 192.168.0.1/24 مان دانا. بەڵام لەم ڕاوتەرەدا کە Client 192.168.0.2/24 دادەنێین و ئینتەرفەیسی Bridge1 هەڵدەبژێرین دواى OK لێدەدەین. وەك باسمانکرد ئەگەر بمانەوێت لە دەرەوە چاودێری ڕاوتەرەکان بکەین بە ڕێگای Remote




ئەوا دەتوانین Public IP دابنێین.

20. ئێستا دێین لە Client Router دا Ping دەکەین بۆ ڕاوتەرەکەی تر واتە بۆ AP Router بزانین پەیوەندی Connection لە نێوانیاندا هەیە؟ بۆئەم مەبەستە دەچینە New Terminal ئینجا ویندۆیەکی نوێ دەکرێتەوە لەوێ دەنووسین ping 192.168.0.1 واتە IP ڕاوتەرەکەی ئەوبەر دەنووسین.




بەم جۆرە ئەو ئینتەرنێتەی لە شوێنی A هەمان بوو توانیمان ئێستا لە شوێنی B ئیشی پێ بکەین بە هۆی ئەو دوو ڕاوتەرەی کە دامان مەزراند لە هەردوو شوێنەکەدا.

www.c4kurd.com

# دوو ڕێگا بۆ سڕینەوەی ووشەکانی گەڕان لە ئینتەرنێتی ئیکسپلۆرەردا

صەنعان بارزانی sanan_khalil@yahoo.ca

زۆر جار لەوانەیە تاکو ئێستا بۆتان هاتبێتە پێش کە پێشتر لە بەشی ناونیشان ناوی ماڵپەڕەکەتان یان لە گووگڵ شتێکتان نووسیووە و کاتێك بتانەوێ ناوی ماڵپەڕێکی تر




یان نوسینێك بنووسی بە نووسینی یەکەم پیتی ئەو ماڵپەڕە هەموو ئەو ماڵپەڕانەی کە پێشتر سەردانت کردوون یاخود وشەیەك دەنوسیت ئەوا هەموی دەردەکەوێت و بۆسرینەوەیان ئەم ڕێگەیانەی خوارەوە بگرەبەر :

ڕێگای یەکەم : سەرەتا لە دوای کردنەوەی ئینتەرنێت لە شریتی لیستەکاندا بچۆرە سەر Toolsو لەویش Internet Options هەلبژێرە و ئەنجا بچۆرە سەر Con- tent و لەوێش AutoComplete هەلبژێرە و پاشان نیشانەی راستی بەردەم forms لابدە. پاشان کلیك بکە لەسەر (ok).

ڕێگای دووەم : سەرەتا دەچینە بۆ سەر ( start )دواتر ( Run) پاشان لە ناو ئەو لاکێشەیەدا بنووسە (regedit) و ئەنجا کلیکی ( ok) بکە. پاشان دوو کلیك بکەلە سەر (HKEY_CURRENT_USER)ئینجا دوو کلیك بکەلەسەر (software) ئینجا دوو کلیك چەپ بکەلەسەر(Microsoft). ئینجا دوو کلیك چەپ بکەلەسەر(Typed Urls). ئەنجا لە لای راستەوە ناو ئەو ماڵپەڕانەی کە تایپ بوونە و بە دڵت نیە بیسرەوە.

# بۆ ئەوانەی کە مناڵیان زوو زوو ون دەبێت !!

سەروەر دلشاد گەنجۆ




زۆرجار لە بازار یان لە شوێنە گشتیەکان دووچاری ون بوون دەبیت جا لەوانەیە مناڵەکەت یان مۆبایل یان گیانلەبەرەکەت یان هەرشتێکی بەنرخ وون بکەیت. بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیایەکی چینی هەستاوە بە دروستکردنی ئامێرێکی بچووکی وایرلێس کە دەتوانێت هەتا ئاستێك ئەم کێشەیە کەم بکاتەوە. ئامێرەکە بەناوی دژە وون بوونە (Wristband Anti-Loss Safety Set).

دژە وون بوون بریتیە لە ئامێرێکی بچووك کە پێکهاتووە لە دوو بەش یەکێکیان لەلای کەسی وون بوو یان گیانلەبەرەکە یان سویچی سەیارە یان هەرچیەك بێت هەلئەواسرێت یاخود بەند دەکرێت بە هۆی ئەو بازنە لاستیکەوە کە هەروەك دیارە لە وێنەیەی سەرەوە.

بەشی دووەم ئامێرێکی کۆنترۆڵە کە لە لای کەسی خاوەن ئەمێنێتەوە بەهۆی کلیك کردنی دەتوانێت لە دووری زیاتر لە ١٠ مەتر کەسی مەبەست یان هەرشتێك بێت کە ئامێری یەکەمی پێوە بەندە بدۆزێتەوە بە هۆی ئەو دەنگە گەورەیەی کە لێوەی دێت.

دەشتوانرێت ئەم ئامێرە راستەوخۆ بکڕدرێت لە سایتی www.chinavision.com

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی دانانی (ڕاپرسی) لە سایتەکانی (بلۆگەر)دا




ئا: محەمەد عەبدولڕەحمان

یەکێك لەو بەشە کاریگەرانەی لە سایتەکاندا هەیە و بایەخی زۆری پێدەدرێت، هەبوونی ڕاپرسییەکانە لە زۆرێك لە سایتەکاندا، چ لەبارەی سایتەکەوە بێت یان سەبارەت چەندین بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە بێت، ئەوەی لێرە باس دەکرێت، بریتییە لە چۆنیەتی دانان و دروستکردنی ڕاپرسی (هەر ڕاپرسییەك بەپێی ویستی کەسەکە) لە سایتێکدا کە بە بلۆگەر — Blogger دروست کرابێت (شێوازی دروستکردنی ئەم جۆرە سایتە بە دوو بەش لە هەر دوو ژمارەکانی گۆڤاری سی فۆر کورد 33-34 وە لەلایەن سەرنووسەری گۆڤار باسکراوە)، بۆیە ئەم بابەتە زیاتر بۆ ئەوانە سوودی دەبێت کە خاوەنی سایتێکی لەو جۆرەن.

**هەنگاوەکانی دانانی ڕاپرسی:**


-سەرەتا دوای نووسینی ناونیشانی سایتەکە لە شریتی Address ی ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەردا سایتەکە دەکرێتەوە، بۆ نموونە: من ئەم ناونیشانە دەنووسم (muhamad.blogspot.com)، بۆ چوونە ناو کۆنترۆڵ پەنەڵی سایتەکەوە، لەسەرەوەی لای چەپدا کلیك لەسەر (تسجیل الدخول) دەکەین، وەك وێنەی خوارەوە:





-پاشان لەو ویندۆیەی نوێیەی کە دەکرێتەوە، لە خانەی (اسم المستخدم) ئیمەیڵەکە دەنووسین و لە (کلمە مرور) پاسوێردەکە دەنووسین و لە کیبۆرد ئینتەر دادەگرین یان بە ماوس کلیك لەسەر (تسجیل الدخول) دەکەین. بەمشێوەیە دەچینە ناو کۆنترۆڵ پەنەلی سایتەکەمان کە پێشتر ئێمەدروستمان کردوە وەکو لەو وێنەیەی ئەو بەردا دەرکەوتوە:




-ئێستا کلیك لەسەر بەشی (التخطیط) دەکەین، وەك ئەم وێنەیە:




-لەو ویندۆیەی کە دەکرێتەوە بەناوی (اضافة عناصر الصفحة و ترتیبها) دەچینە سەر (اضافة اداة) و کلیکی لەسەر دەکەین، بەمەش ویندۆی (اضافة اداة ذکیة) دەکرێتەوە، وەك وێنەی خوارەوە:




-لەم ویندۆیەشەدا چەندین بەشی گرنگی تێدایە بۆ ئەوەی زیادی بکەیت بۆ سایتەکەت. بەڵام ئەوەی کە ئێمە لامان گرنگە ئەوەیە کە بەشێکی تایبەت بۆ دەنگدان زیاد بکەین. ئەویشبە کلیك لەسەر بەشی (استطلاع رأي) ئەو کارەمان بۆ ئەنجام دەدرێت، وەك ئەم وێنەیەدا دەردەکەوێت :





-ئینجا ویندۆی (انشاء استطلاع الراي) دەکرێتەوە، لە خانەی (السؤال)دا ئەو پرسیارە دەنووسین کە دەمانەوێت ڕاپرسی لەبارەوە بکەین و بیروڕای خەڵکی لەبارەوە بزانین، لە خانەکانی (الاجابات) کە بریتین لە چوار خانە چەند هەڵبژاردنێك دەنووسین بۆ بەردەمی ئەو کەسەی بیروڕای خۆی لەبارەی پرسیار و ڕاپرسییەکەمانەوە دەردەبڕێت، وەك بۆ نموونە (بەڵێ – نەخێر) یان (زۆرباش – باش – ناوەند – خراپ) یاخود هەر شێوەیەکی تر کە بە گوێرەی ئەو پرسیارە دەبێت، وەك ئەوەی بتەوێت ڕاپرسی ئەنجام بدەیت لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بەشدار بوو لە کۆمپیوتەرەکەیدا زیاتر کام (ئەنتی ڤایرۆس) بەکاردەهێنێت تاوەکو بەپێی ڕێژەی دەنگدەران بۆ کەسی ڕاپرسی کەر بەدیاربکەوێت کەوا کامە ئەنتی ڤایرۆس بەکارهێنەر و جەماوەری زیاتری هەیە، هەروەها بۆ ڕاپرسی کردن سەبارەت بە هەر بابەتێکی تری سیاسی، ڕۆشنبیری، زانستی بەمشێوە دەبێت. (لێرە من وەك نموونە ڕاپرسییەك سەبارەت بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم پێنج ئەنتی ڤایرۆسە دروست دەکەم) وەك لە وێنەکەدا هاتووە:


لە خانەی پرسیارەکەدا دەنووسین: (کام ئەنتی ڤایرۆس لەمانە بەکاردەهێنی؟) و لە خانەکانی وەڵامەکاندا واتە لە (الاجابات) ناوی ئەم پێنج ئەنتی ڤایرۆسە وەك نموونە دەنووسین کە بریتین لە:

Kaspersky -Norton –Avast -Nod32 –Avira-

هەروەها دەتوانین لەژێرەوەی خانەکان ئەگەر ویستمان خانەی تریش زیادبکەین، هەروەك دەتوانین ڕێگە بە کەسەکان زیاتر لە هەڵبژاردنێك دیاربکەن. لە کۆتاییدا دەبێت لەبەشی (وقت و تاريخ اغلاق ..) ڕێکەوت و کاتژمێری کۆتایی هاتنی ڕاپرسییەکە دەست نیشان بکەین، بۆ نموونە بۆ هەفتەیەك بێت یان زیاتر. ئینجا کلیك لەسەر (حفظ) دەکەین، وەك وێنەی خوارەوە:




دەبێت ئەوە بگوترێت کە بۆ نووسینی کوردی لە سایتەکەدا (کیبۆردی یۆنیکۆد) پێویست دەبێت و من سوودم لە کیبۆردی (c4kurd) وەرگرتووە. وێنەی شێوەی ڕاپرسییەکە لەناو سایتەکەدا:





# چۆن فەیڤرتی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر دەخەیتە ناو فایەرفۆکس وەبە پێچەوانەوەش


مەهدی هادی ئۆمەربلی
mahdawy4@c4kurd.com

زۆر جار زیاتر لە یەک بەرنامە بەکار دەهێنی بۆ کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت. بەتایبەت کە لەم دواییەدا بەرنامەی فایەرفۆکس بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە نێو بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە کوردستاندا تەشەنەی کردووە. بۆیە هەندێکجار ئەو سایتانەی کەدەیخەیتە نێو فەیڤرتی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر پێویستت پێیەتی لە نێو فایەرفۆکسیش بەکاری بهێنی. بۆیە پێویستە ئەو لینکی سایتانەی لەوێ سەیڤ کردوە بەرێگەیەک هەموان بگوازیتەوە نێو بەرنامەی فایەرفۆکس.


بۆ ئەم مەبەستە باسی گوستنەوەی لە فایەر فۆکس بۆ ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر و بە پێچەوانەوە دەکەین:

## لە فایەر فۆکس بۆ ئینتەرنێت ئیکسپلەوەر

بۆی هەیە بەرێزت بڵێیت لەگەڵ ناونیشانەکەی سەرەوە بابەتەکەت پێچەوانەیە بەڵام ئەم کردارە لە فایەرفۆکس بۆ ئینتەرنێت ئیکسپلەوەر کاری زیاتری دەوێت بۆیە بەباشم زانی لە یەکەمجار ئەوە باس بکەم، سەرەتا وێبگەری فایەرفۆکس دەکەینەوە لەسەرەوە کلیک Bookmarks دەکەین لەو لیستەدا هەڵبژاردەی Organiz Bookmarks کلیک دەکەین ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە سەیری وێنەکەی خوارەوە بکە:





لەو ویندۆیە، لەسەرەوە هەڵبژاردەی Import And Backup لەو لیستەدا کلیکی هەڵبژاردەی Export HTML دەکەین. هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا روون بووەتەوە:




ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە لەو ویندۆیە فایلی فەیڤرتی فایرفۆکس یان بڵێین (Bookmarks) بۆسەیڤ کردن سەیڤ دەکەین لەهەر شوێنێک بێت بۆنموونە ئێمە لە مای دیکۆمێنت بە ناوی سی فۆر کورد سەیڤی دەکەین ئایکۆنەکە بەو شێوەیە بۆمان دروست دەبێت سەیری وێنەکە بکە





دواتر دەچین ئینتەرنیت ئیکسپلەوەر دەکەینەوە لە لیستی file




www.c4kurd.com


هەڵبژاردەی Import and Export کلیك دەکەین ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کلیکی Next دەکەین و دوبارە بەردەوام دەبین لە کلیك کردن لە سەر Next لە ویندۆی دوای تر لەسەر بوتونی Browse کلیك دەکەین و ئەو ئایکۆنەی کە تایبەت بوو بە فاقۆراتی فایەر فۆکس سەیڤ مان کردبوو دەیهێنین و دواتر بەردەوام دەبین لە هەردوو ویندۆی کە دێت کلیك دەکەین لە سەر Next و بۆ دواجاریش Finish دەکەین




ئێستا سەیری فەیڤرتی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەر بکە باکەپێکی (نوسخەیەکی فایەرفۆکس) بۆمان داناوە لە ناو فۆڵدەرێك بە ناوی Mozilla Firefox گشت ئەو لینکانەی تێدایە کەلە فایەرفۆکس سەیڤ کرابوو.

**لە ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەرەوە بۆ فایەرفۆکس**


تایبەتە بە لینکی ئەو سایتە هەڵگیراوانەی نێو فەیڤرتی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرەرەوە دەمانەوێت باکەپێکی هەبێت لە فایەرفۆکس، وێبگەری فایەر فۆکس دەکەینەوە کلیك لەسەر Bookmarks وهەڵبژاردەی Organiz Bookmarks کلیك دەکەین ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە لەو ویندۆیە لەسەرەوە هەڵبژاردەی Import




And Backup لەو لیستەدا کلیکی هەڵبژاردەی Import HTML دەکەین

ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە پێمان دەڵێت دەتوانی فاقۆراتی هەر براوسێکی تر بهێنیت بۆ ناو براوسی فایەرفۆکس دوو هەڵبژاردەی تێدایە کلیکی Micr-soft internet Explore دەکەین لە خوارەوەش کلیك دەکەین لەسەر Next وە بۆ دواجاریش کلیکی Finish دەکەین .

ئێستا ئەگەر تەماشای فاقۆراتی یان بڵێین Bookmarks بکەین دەبینین لە خوارەوە فۆڵدەری تایبەتی بە Microsoft internet Explore دەبینین





## سایتی سی فۆر کورد
## www.c4kurd.com

ئەگەر دەتەوێت شارزاییت لە کۆمپیوتەر، بەرنامە پێویستەکان و فۆنتەکوردیەکان و تازەترین هەواڵی زانستیت دەست بکەوێت،
ئەوا سەردانی سایتی سی فۆر کورد بکە.

سی فۆر کورد هی هەموانەو
بەهەمووانەوە جوانە

# به پرۆگرامێکی قەبارە بچوك بەخێرایی هەموو فایلە دلیتکراوەکانت بهێنەرەوە



دارەوان کۆسرەت مەجید
darawankosrat@yahoo.co.uk

وەك هەمووومان دەزانین زۆر پرۆگرامی جۆراوجۆر هەیە بۆ هێنانەوەی فایلە دیلیت کراوەکان، کە هەر یەك لەو پرۆگرامانە میکانیزم و شێوازی تایبەت بەکاردەهێنێت بۆ هێنانەوەی فایلە دیلیت کراوەکان، بەڵام هەمیشە ئەوەی بەلای بەکارهێنەرەوە گرنگە ئەوەیە کام لەو پرۆگرامانە توانای هێنانەوە و گێڕانەوەی زۆرترین فایلی دیلیت کراوی هەیە؟


پرۆگرامی Recuvar پرۆگرامێکە قەبارەکەی زۆر بچوکە و بەڵام بۆ هێنانەوەی فایلە دیلیت کراوەکان توانایەکی زۆرباشی هەیە بە بەراورد کردن لەگەڵ پرۆگرامەکانی هاوشێوەی.

سەرەتا پرۆگرامەکە ئینستۆڵی بکە، هەنگاوەکانی ئینستۆڵ کردن و دامەزراندنی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و بە چەند کلیکێکی یەك لەدوای یەك ئەنجام دەدرێت.

سەرەتا پرۆگرامەکە بکەرەوە و پاشان کلیك لەسەر نێکست بکە بەم شێوەیە





پاشان جۆری ئەو فایلانە دیاری بکە کە دەتەوێت بیانگەڕێنیتەوە (وێنە، دەنگ، دکیومێنت، ڤیدیۆ، جۆریتر) و




دواتر کلیك لەسەر نێکست بکە وەکو وێنەکەی ئەوبەر.

پاش ئەو هەنگاوانە، دەبێت ئەو بەشە هاردە یان ئەو شوێنە دەست نیشان بکەیت کە فایلەکانتی لێ دیلیت کراوە پێشتر، بەڵام ئەگەر نەتزانی پێشتیر فایلەکەت لە چ بەشە هاردێك بووە ئەوە (I'm not sure) کلیك بکەو دواتر کلیك لەسەر نێکست بکە




پاش جێبەجێ کردنی هەنگاوەکان کلیك لەسەر ستارت دەکەیت بۆ دەست پێکردنی پرۆسەی گێڕانەوەی فایلە دیلیت کراوەکان، لەم هەنگاوەدا دەبێت ماوەیەك چاوەڕی بکەیت.




دواتر ئەوفایلانە دەست نیشان دەکەین بۆ ئەوەی بیانگەڕێنینەوەو پاشان recover - 2 دادگرین و دواتر ئەو شوێنە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت فایلە سڕاوەکان بچێتە ناوی.

*تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( Recuvar ) هەیە.*

# چۆنیەتی ئیشپێکردنی Windows 7 و XP لەسەر یەك كۆمپیوتەردا؟

ئەگەر لەبەر هۆیەك بتەوێت لە كۆمپیوتەرەكەتدا هەردوو ویندۆزی 7 و ویندۆزی XP سێتئەپ بكەیت و بەپێی پێویست یەكێكیان بەكاربهێنی، ئەوا ئەم چەند هەنگاوە ئەنجام بدە (بۆ ئەوانەی شارەزاییان هەیە لە فۆرمات و دانانی سیستەم):


-سـەرەتا دەبێت هـاردەكـەت لەچەند بـەش و پارچەیەك پێكهاتبێت.

-ئەگەر هاتوو تەنها لە یەك پارچەی C پێكهاتبوو، ئەوا دەبێت دابەشی بكەیت بۆ پارچەی تر.

-دەتوانیت كـاری دابەشكردنی هـارد بەبێ بەكارهێنانی هیچ بەرنامەیەك ڕاستەوخۆ لەناو ویندۆزی 7 ئەنجام بدەیت ئەمەش بەهۆی Disk Management و بەگوێرەی پێویست بەشە هاردێكی گونجاو لە بەشی C جیابكەیتەوە. وێنەی خوارەوە:

-ئێستا سیستەمی Windows XP لەسەر ئەو بەشە هاردە نوێیەی دروستت كردووە سێتئەپ بكە.

-دوای تەواوبوونی دانان و سێتئەپكردنی Windows XP تێبینی دەكەیت كە لەكاتی ئیشپێكردنی كۆمپیوتەردا هەردەم دەچێتە ناو سیستەمی Windows XP ئەمەش لەبەرئەوەی





سیستەمەكە هەستاوە بە سڕینەوەی فایل بووتی boot file تایبەت بە سیستەمی Windows 7

-بۆ هێنانەوەی فایل بووتی Windows 7 پێویستیت بە بەرنامەی EasyBCD 1.72 دەبێت یانیش نوسخەی نوێتر EasyBCD 2.0 Beta بەڵام ئەمەیان پێویستی بە تۆماركردن هەیە.

لینكی EasyBCD1.72 :

http://neosmart.net/dl.php?id=1


لینكی EasyBCD 2.0 Beta :




http://neosmart.net/forums/showthread.php?t=642

- EasyBCD 1.72 بەكاربهێنە بۆ نووسینی فایل بووتی سیستەمی Windows 7 وەك وێنەی خوارەوە:

-پـاش ئـەمـە دەبینیت لـەكـاتـی ئیشپێكردنی كۆمپیوتەر دەتوانیت بەپێی پێویست و ئارەزوو یەكێك لە سیستەمەكان Windows7 یان Windows XP دەست نیشان بكەیت و كاری پێ بكەیت. وەك وێنەی خوارەوە:





# چەند زانیاریەك دەربارەی دروستكردنی Shortcut


ئامادەكردنی : ئاراس عبدالله سعید




هەندێكجار بۆ ئـەوەی هەندێك فەرمانی ویندۆز بەخێرایی ئەنجام بدرێت پێویستە [Shortcut]ی بۆ دروست بكەین بۆ ئـەوەی بە ئاسانی و لە كاتی پێویستدا ئەنجامی بدەین بە كلیك كردن لە سەریان, ئەویش بریتییە لە فایلیكی بچووك لە قەبارەدا بەستراوەتەوە بە فایلی سەرەكیكەوە و هێمای لە بەشی خوارەوەی دەردەكەوێت

لە كاتی سڕینەوەی شۆرت كەتی هەر بەرنامەیەك ئەوا كار ناكاتە سەر بەرنامە سەرەكیكە , بەڵام لە كاتی سڕینەوەی بەرنامە سەرەكیكە و كلیك كردن لە سەر شۆرت كەتی ئەو بەرنامەیە لەم كاتدا ویندۆز هەڵدەستێت بە گەڕان بەدوای هەر فایلێكی تر كە هەمان جۆر و قەبارە ولە كاتێ نەدۆزینەوەدا ئەوا نامەیەكی ئاگاداركردنەوە دەنێرێت كە ( Shortcut ) كە كارناكات.

بۆ دروست كردنی شۆرت كەت بۆ هەر فایلێك یان فۆڵدەرێك ئەوا كلیكی ڕاستی ماوسی لەسەر دەكەین لیستێك دەكرێتەوە و ئێمەش كلیكی (Create Shortcut) دەكەین , شۆرتكەت دروست دەبێت, بەڵام ئـەو شـۆرت كـەتـە لە هەمان درایڤ دروست دەبێت.




هـەروهـا دەتوانین (Shortcut) دروست بكەین بۆ هەر فۆڵدەر و فایلێك لە هەر درایڤێك بێت بـەڵام شۆرتكەت كـەی لـە (Desktop) بـێـت, كلـیكـی ڕاستی مـاوس لـەسـەر هەر فایلێك یـان فۆڵدەرێك دەكـەیـن لیستێك دەكـرێـتـەوە و ئێمەش كلیكی (Send to) دەكەین لیستێكی تر دەكرێتەوە كلیكی Desktop (Create Shortcut) دەكەین هەندێك فەرمانی ویندۆز هەیە كە دەتوانین بە (Shortcut) جێبەجێ بكەین




بەمشێوەی خوارەوە:

1.لە سەر دێسك تۆپ كلیكی راستی ماوس دەكەین لیستێك دەكرێتەوە (New) هەڵدەبژێرین .

2.لە لیستی (New)دا (Shortcut) كلیك دەكەین.

3.دواتـــــر بـۆكـسـێـك دەكـــرێـــتـــەوە لـەبـەشـی ( Type the location of the item)دا یەكێك لەمانەی خوارەوە دەنووسین:

C:\Windows\System32\Shutown.exe –s


بۆ (Shutdown) كردنی كۆمپیوتەر .

C:\Windows\System32\Shutown.exe –r

بۆ (Restart)كردنی كۆمپیوتەر .


C:\Windows\System32\Shutdown.exe –L

بۆ (Log off)كردنی كۆمپیوتەر .





www.c4kurd.com

دواتر کلیکی (Next ) دەکەین .
بۆکسێکی ترمان بۆ دەکرێتەوە لە بەشی Type a name for this shortcut: دا ناوێك دەنووسین وکلیکی (Finish) ئەکەین .





شۆرتکەتەکە لە سەر دیسك تۆپ دروست دەبێت ,هەرکاتێك کلیکی بکەین کارەکەی ئەنجام دەدات .
لەسەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەمان کرد بەوەی شۆرتکەت بەوە جیا دەکرێتەوە کە لە بەشی خوارەوەی فۆڵدەر یان فایلەکەهێمایەکی (تیشکێکی چەماوە) دەردەکەوێت بەڵام جاری وا هەیە کە پێویست دەکات ئەوە تیشکە لابەرین واتا لە کاتی دروست کردنی شۆرت کەتدا درنەکەوێت ئەوەش -:

1. کلیك Start > Run > Regedit
روکارێکمان بۆ دەکرێتەوە لەو روکارەدا ئەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام دەدەین:





2 . HKEY- CLASSES – RooT > لە فۆڵدەری Inkfile فایلی ISSHORTCUT دەسڕینەوە .
3 . HKEY- CLASSES – RooT > لە فۆڵدەری PIFILE فایلی ISSHORTCUT دەسڕینەوە .

4 . لە کۆتایدا (Restart)ی کۆمپیوتەرەکە دەکەین.




ئێستاش هەر شۆرت کەتێکی تازە دروست بکەین ئەوا (تیشکە چەماوە)کە دەرناکەوێت .




بەم شێوەیە ئەگەر شۆرت کەتی هەر بەرنامەیەکمان هەبێت ئەوا بەئاسانی دروستی دەکەیت. هەروەها شۆرت کەت دەتوانیت لە زۆر بوادا سودی لێ ببینین.
بۆ نمونەئەگەر شۆرت کەتی بەرنامەی فۆ تۆ شۆپ لەسەر دیسکتۆپەکەمان بێت ئەوا هەر وێنەیەك بگرین و بیخەینە سەر شۆرت کەتەکە ئەوا یەکسەر ئەو وێنەیە بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ دەکاتەوە.
یاخود دەتوانین کورتکراوەیەکی کیبۆرد بۆ ئەو شۆرت کەتی بەرنامەیە دابنێیت. بۆ نمونە ئەگەر ئێمە شورت کەتی بەرنامەی وۆردمان هەبێت ئەوا بە رایت کلیك لەسەری و هەڵبژاردنی پرۆپێرتی لەو کاتەدا لەو روکارەدا ئەم بەشە دەبینین:




کلیك لەسەری بکەو ئەوکات خۆت لە سەر کیبۆردەکە دەست بنێ بە کۆنتڕۆڵ یان ئەڵت وهەر پیتێکی تر ئەوا دەبێتە کورتکراوەیەك بۆی و بەو دوانە دەکرێتەوە.






باوکی هێڤار

# تەمەنت لەگەڵ تەکنەلۆژیا

❐ زۆرجار کە باسی ئەم ژیانەی خۆمان دەکەین لەم سەردەمەدا دەڵێین ئێستا عەصری سورعەیەو فریای هیچ ناکەوین. بەڵام ئەگەر وردتر بڕوانین و زیاتر لێیورد بینەوە ئەوا ئێمە ئەو ٢٤ سەعاتەی هەمانە بەشی ئەم هەموو شتەی دەورو بەرمان ناکات.

ئایا لە ڕۆژێکدا فریای سەیر کردنی چەند قەناتی سەتەلایتەکەمان دەکەوین؟ کە ژمارەی قەناتەکانی تەنها نایل ساتی سەتەلایتەکەی من ٧٤٠ قەناتی تێدایە؟ ئایا لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا چەند بەرنامەو شتی باش هەیە من سەیری بکەم و سودی لێ ببینم؟

ئەی ئەگەر باسی جەریدەو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی بازار بکەم و دەتوانیت هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە لە یەك ڕۆژدا دەردەچن لەو ڕۆژەدا بیان خوێنیتەوە؟

ئەی ئەو فلیمانەی دەردەچن؟ ئەگەرهەموو ڕۆژ بچیتە بازارو داوای فلیمی تازە بکەیت بێگومان بێ ئومێد نابیت هەموو ڕۆژ هی تازە هەیە؟ دەی با واز لە فلیمیش بێنین و بەدوای سایتەکانی ئینتەرنێتدا بڕۆین. لەو ٦ ملیار سایتە ئایا چەندت دەوێت تا یەك یەك هەموویان بکەیتەوە بێ ئەوەی بیان خوێنیتەوە؟

با ڕەقەمەکان زۆر گەورە نەبن، من باسی یەك سایتتان بۆ دەکەم لەو ٦ ملیار سایتەکە کە لای هەمون ئاشکراو دیارە ئەویش سایتی یوتوبە.

ئایا ئەزانی لە ڕۆژێکدا چەند دەقە ڤیدیۆ ئەپلۆد دەکرێت بۆ یوتوب؟ با پێت بڵێم، هەموو دەقەیەك بایی ٢٤ سەعات ڤیدیۆ ئەپلۆد دەکرێت بۆ یویتوب. واتە تۆ لە هەموو دەقەیەکی ژیانت ٢٤ سەعات ڤیدیۆ هەیە سەیری بکەیت. لە دەقەی دوهەم ٢٤ سەعات ڤیدیۆی تر ئامادەیە کە تۆ تەنها توانیوتە یەك دەقە سەیر بکەیت. خۆ ئێمە ناتوانین دەقە بوەستێنین تاکو ٢٤ سەعات.

ڕەنگەتۆ بڵێیت جا کەی استفادەی ئەبێت، چونکە ڕەنگە ئەو ڤیدیۆیانە زۆر هی سەتاسەری جیهانەو لەگەڵ زەوق و ئیشی من ناگونجێت. منیش لەگەڵتدام. با بڵێین لە سەدا ٩٠ ی ڤیدیۆکان بێ کەڵکن. یان ئەگەر بە دڵت نیە دەتوانین بڵێین لە سەدا ٩٩ ی بێ کەڵکە. خۆ قابیلە لە سەدا یەکی بۆ من و تۆ بە سود نەبێت. بێگومان زیاتریش بەڵام ئێمە وا دابنێین لە سەدا یەکی بە کەڵکە. ئەوا لە هەموو سەعاتێکی تەمەنی من تۆ بایی ١٤ سەعات ڤیدیۆی بەسودو بە کەڵك هەیە لە سایتی یویتوب بۆ ئەوەی سەیری بکەین.

کەواتە دەبێت ١٣ سەعاتیش بە قەرز بهێنین تاکو تەنها سەیری لە سەدا یەکی ڤیدیۆکانی سایتی یوتوب بکەین بۆ هەر یەك سەعات.

ئەگەر هەڵوێستەیەك لەسەر ئەمە بکەین کەمن وتم باسی ٦ ملیار سایتی ئینتەرنێت و سەتەلایت و رادیۆ و ڕۆژنامەو گۆڤارو گۆرانی فلیمت بۆ ناکەم. تەنها یەك سایت کە یوتوبە. هەموو ژیانمانی بۆ تەرخان بکەین و لەسەدا یەکیشی سەیر بکەین ئەوا بۆ هەموو سەعاتێك ١٤ سەعات ڤیدیۆی باش هەیە و بەسود بێت بۆ ئێمە.

ئێستا من خەمی ئەم سەردەمەم نیە ئەی ئەگەر ئێمە بیر بکەینەوە دوای ٢٠ یان ٥٠ ساڵی تر چی بەسەر ئەم جیهانەو ژیانەدا دێت؟!! من نازانم ئیتر نازانم بۆ تۆ؟

بەڵام لەم هەموو بەزمەدا خەفەت بە شتێك ئەخۆم!! برادەرێك وتی لە تەلەفزیۆنێکی مەحەلی (کە دیارە ئەو مەجالی لە من زۆرترە سەیری تەلەفزیۆنی مەحەلی ئەکات) بەرنامەیەکی پرسیارو وەڵام بوو، تێبینیەکی زۆر موهیمیان نوسی بوو. کە نوسرا بوو تکایە وەڵامەکان بە کۆمپیوتەر مەنوسن؟!! برادەرەکەم لەمنی پرسی کە حیکمەت لەمە چیە؟ ئەمەشیانم هەر نەزانی؟!!

www.c4kurd.com